الأَرْبَعُونَ الذِّكْرِيَّةُ

ئامادەکردنی : ئەنەس عبد الرحمن

١٤٤٥هـ



الأَرْبَعُونَ الذِّكْرِيَّة

بسم الله الرحمن الرحيم

ناساندنی کتێب

ناوی کتێب: الأَرْبَعُونَ الذِّكْرِيَّة

ئامادەکردنی: ئەنەس عبد الرحمن

نەخشەسازی کتێب: أبو عمرو

١٤٤٥هـ - ٢٠٢٤ز

بسم الله الرحمن الرحيم

پێشەکی

أَوَّلُ مَا نَستَفتِحُ المَقَالا ... بِذِكرِ حَمدِ رَبِّنَا تَعَالَى

فَالحَمدُ للّهِ عَلَى مَا أنعمَا ... حَمداً بِهِ يَجلُو عَنِ القَلبِ العَمى

ثُمَّ الصَّلاةُ بَعدُ وَالسَّلامُ ... عَلَى نَبِيٍّ دِينُهُ الإِسلامُ

مُحَمَّدٍ خاتَمِ رُسْلِ رَبِّهِ ... وآلِهِ مِنْ بَعْدِهِ وَصَحْبِه

أَمَّا بَعْدُ:

زیکر و یادی اللە تَعَالَى ئەو کردەوەیە کە هەموو کەسێک ئەتوانێت ئەنجامی بدات، جا کەسەکە نەخۆش بێت یان سەلامەت بێت، لەکار بێت یان دەست بەتاڵ بێت، لە سەفەر بێت یان لە ماڵەوە بێت، لە شەوا بێت یان لە ڕۆژا بێت، بە تەنیا بێت یان لەناو خەڵکی دا بێت، زیکر و یادی اللە تَعَالَى هیچ ماندووبوونێکی تێدا نیە لەگەڵ وەشدا ئەجر و پاداشتێکی یەکجار زۆری هەیە، پێغەمبەری خۆشەویستمان ﷺ بەردەوام زیکر و یادی اللە ی کردووە هەروەک دایکمان عَائِشَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا فەرموویەتی { كَانَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَذْكُرُ اللَّهَ عَلَى كُلِّ أَحْيَانِهِ }[1] هەر بە زیکر و یادی اللە یە دڵەکان ئارام و ئاسوودە دەبن هەروەک اللە تَعَالَى فەرموویەتی: { الَّذِينَ آمَنُوا وَتَطْمَئِنُّ قُلُوبُهُم بِذِكْرِ اللَّهِ ۗ أَلَا بِذِكْرِ اللَّهِ تَطْمَئِنُّ الْقُلُوبُ } سورة الرعد،، و اتاکەی: ئەوانەی باوەڕیان هێناوە دڵیان ئارام ئەبێت بە زیکرو یادی اللە،

[1] هَذا الخَبَر(كَانَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَذْكُرُ اللَّهَ عَلَى كُلِّ أَحْيَانِهِ) ذَكَرَهُ البُخَارِيُّ فِي صَحِيحِهِ مُعَلَّقاً، وَ وَصَلَهُ مُسْلِمٌ فِي صَحِيحِهِ، وَ قَالَ التِّرْمِذِيُّ هَذَا حَدِيثٌ حَسَنٌ غَرِيبٌ، وَ قَالَ أَبُو حَاتِمٍ الرَّازِيُّ وَ هَذا الحَدِيث لَيْسَ بِذاكَ، وَقَدْ أَشارَ الدَّارُقُطْنِيّ فِي كِتَابِ العِلَلِ إِلَى الإِخْتِلافِ فِيهِ.

ئاگادارین تەنها بە زیکرو یادی اللە دڵەکان هێمن و ئارام و ئاسوودە ئەبن، اللە تَعَالَى لە چەندین ئایەت دا فەرمانمان پێ دەکات کەوا زیکر ویادی بکەین، هەروەک فەرموویەتی (فَاذْكُرُونِي أَذْكُرْكُمْ) واتا: یادم بکەن یادتان دەکەم، هەروەها فەرموویەتی (يا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اذْكُرُوا اللَّهَ ذِكْراً كَثِيراً)[الأحزاب: ٤١] واتا: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە زیکرو یادی اللە بکەن بە زیکر و یادێکی زۆر،، زیکرو یادنەکردنی اللە نیشانەی دووڕووانە هەروەکوو اللە لە وەصفی دووڕووان دا دەفەرموێت {وَلَا يَذْكُرُونَ اللَّهَ إِلَّا قَلِيلًا} سورة النساء،، واتا: دووڕووان یادی اللە ناکەن مەگەر کەمێک نەبێت، زیکر و یادی اللە فەزڵ و گەورەیی زۆرە، خۆشەویستمان ﷺ فەرموویەتی { سَبَقَ الْمُفَرِّدُونَ " قَالُوا : وَمَا الْمُفَرِّدُونَ يَا رَسُولَ اللَّهِ ؟ قَالَ : الذَّاكِرُونَ اللَّهَ كَثِيرًا وَالذَّاكِرَاتُ } رواه مسلم، واتاکەی: {پێش کەوتن گۆشەگیرەکان، هاوەڵان وتیان گۆشەگیرەکان کێنە ئەی نێردراوی اللَّه تَعالَى، فەرمووی ئەو پیاو و ئافرەتانەن زیکر و یادی اللَّه زۆر دەکەن } بۆیە خوشک و براکانم با زمانمان شیرین کەین بە زیکرو یادی اللە هەر ئەمەش ڕێبازی پێشینە چاکەکانمانە، دڵنیابن دووڕووان و ناخ پیسەکان ناتوانن زۆر زیکر و یادی اللە عَزَّ وَجَلّ بکەن.

فەرموودەی یەکەم

زیکرەکانی بەیانیان و ئێواران

قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ

{ سَيِّدُ الِاسْتِغْفَارِ أَنْ تَقُولَ : اللَّهُمَّ أَنْتَ رَبِّي، لَا إِلَهَ إِلَّا أَنْتَ، خَلَقْتَنِي وَ أَنَا عَبْدُكَ، وَ أَنَا عَلَى عَهْدِكَ وَوَعْدِكَ مَا اسْتَطَعْتُ، أَعُوذُ بِكَ مِنْ شَرِّ مَا صَنَعْتُ، أَبُوءُ لَكَ بِنِعْمَتِكَ عَلَيَّ وَ أَبُوءُ بِذَنْبِي، فَاغْفِرْ لِي ؛ فإِنَّهُ لَا يَغْفِرُ الذُّنُوبَ إِلَّا أَنْتَ }[٢]

و اتای فەرموودەکە: پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرموویەتی { گەورەی داوای لێبوردنەکان ئەوەیە تۆ بڵێی: ئەی اللَّه تۆ پەروەردیگاری منی، هیچ پەرستراوێکی ڕاستەقینە نییە جگە لەتۆ، تۆ منت دروست کردووە و من بەندەی تۆم، وە من لەسەر پەیمان و بەڵێنی تۆم چەندەی بتوانم، خۆم دەپارێزم بەتۆ لەو شەڕ و خراپانەی کردوومە، دان دەنێم بۆت بە نیعمەت و بەخششت بەسەرمەوە وە دان دەنێم بە گوناهەکانم، جا لێم خۆشبە، بێگومان هیچ کەسێک لە گوناهەکان خۆش نابێت جگە لە تۆ }

و اتای وشەکان

سَيِّدُ الِاسْتِغْفَارِ : گەورە و سەروەری داوای لێبوردنەکان

اللَّهُمَّ أَنْتَ رَبِّي : ئەی اللَّه تۆ پەروەردیگاری منی (تۆ دروستکەر و ڕزق دەر و ژیێنەر و مرێنەری منی)

[٢] رواه : البخاري و الترمذي و النسائي و أبو داود و ابن ماجه و أحمد

لَا إِلَهَ إِلَّا أَنْتَ : هیچ پەرستراوێکی ڕاستەقینە نییە جگە لە تۆ

خَلَقْتَنِي : منت دروست کردووە

وَ أَنَا عَبْدُكَ : وە من بەندەی تۆم، وە من عەبدی تۆم

وَ أَنَا عَلَى عَهْدِكَ وَوَعْدِكَ : وە من لەسەر پەیمان و بەڵێنی تۆم، وە من لەسەر ئەو پەیمان و بەڵێنەم کە بەتۆم داوە (کەتەنها تۆ بپەرستم و شیرک و هاوبەشیت بۆ بڕیار نەدەم)

مَا اسْتَطَعْتُ : چەندەی بتوانم، ئەوەی لەتوانام هەبێت، بەگوێرەی توانام

أَعُوذُ بِكَ : خۆم دەپارێزم بەتۆ ، پەنا بەتۆ دەگرم

مِنْ شَرِّ مَا صَنَعْتُ : لەو خراپانەی کردوومە ، لەو سەرپێچیانەی ئەنجامم داوە

أَبُوءُ لَكَ : دان دەنێم بۆت، ئیعتراف دەکەم بۆت

بِنِعْمَتِكَ عَلَيَّ : بە نیعمەت و بەخششت بەسەرمەوە

وَ أَبُوءُ بِذَنْبِي : وە دان دەنێم بە گوناح و تاوانم

فَاغْفِرْلِي : جا لێم خۆشبە

فَإِنَّهُ : بێگومان حاڵ و بارودۆخ وایە

لَا يَغْفِرُ الذُّنُوبَ : لە تاوانەکان نابورێت، کەس لە گوناهەکان نابورێت

إِلَّا أَنْتَ : جگە لە تۆ- ئەی اللَّه –

دەربارەی ئەم فەرموودەیە

١- ئەم زیکرە بەیانیان و ئێواران دەکرێت، ١ جار

٢- پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرموویەتی { وَمَنْ قَالَهَا مِنَ النَّهَارِ مُوقِنًا بِهَا، فَمَاتَ مِنْ يَوْمِهِ قَبْلَ أَنْ يُمْسِيَ، فَهُوَ مِنْ أَهْلِ الْجَنَّةِ، وَمَنْ قَالَهَا مِنَ اللَّيْلِ وَهُوَ مُوقِنٌ بِهَا، فَمَاتَ قَبْلَ أَنْ يُصْبِحَ، فَهُوَ مِنْ أَهْلِ الْجَنَّةِ } رواه البخاري وغيره

واتاکەی: هەرکەسێک لە ڕۆژدا ئەم دوعایە بخوێنێت ودڵنیابێت لێی، جا ئەو ڕۆژە بمرێت پێش ئەوەی ئێوارەی بەسەردا بێت، ئەوە ئەو کەسە ئەهلی بەهەشتە، وە هەرکەسێک ئەو دوعایەی کرد لەشەو دا - لە ئێوارەدا - وە ئەو کەسە دڵنیابێت لێی، پاشان بمرێت پێش ئەوەی بەیانی بکاتەوە ئەوە ئەهلی بەهەشتە

اللَّهُمَّ : بەکۆدەنگی هەموو زانایان اللَّهُمَّ بە واتای یا اللە دێت وەک ابن القيم باسی کردووە لە کتابی (جلاء الأفهام)

اللَّهُمَّ أَنْتَ رَبِّي : ئەمە دانپێدانانە بە تەوحیدی الربوبية

لَا إِلَهَ إِلَّا أَنْتَ : ئەمە دانپێدانانە بە تەوحیدی الألوهية

خَلَقْتَنِي وَأَنَا عَبْدُكَ : ئەمەشیان دانپێدانانە بە هەردوو تەوحیدەکە، تەنها اللە دروستکەرە وە هەر ئەویش شایەنی ئەوەیە عیبادەتی بۆ بکرێ

وَأَنَا عَلَى عَهْدِكَ وَوَعْدِكَ مَا اسْتَطَعْتُ : وە من هەر لەسەر ئەو پەیمان و بەڵێنەم کەوا پەیوەستم بم بە ئیمان و عیبادەت و ملکەچ بوونم بۆ فەرمانەکانت

٣- ئەم فەرموودەیان بەڕاست داناوە ئەم زانایانە شیخ عبدالله السعد و سليمان بن ناصر العلوان و عبد العزيز الطريفي و أبو علي الحارث الحسني و مصطفى العدوي.

فەرموودەی دووەم

قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ

{ اللَّهُمَّ عَالِمَ الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ، فَاطِرَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ، رَبَّ كُلِّ شَيْءٍ وَمَلِيكَهُ، أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا أَنْتَ، أَعُوذُ بِكَ مِنْ شَرِّ نَفْسِي وَمِنْ شَرِّ الشَّيْطَانِ وَشِرْكِهِ }[٣]

و اتای فەرموودەکە: پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووێتی {ئەی اللَّه تَعَالَى تۆ زانای بە شتە نادیار و دیارەکان، ئەی دروستکەری ئاسمانەکان و زەوی، پەروەردیگار و خاوەنی هەموو شتێک، شاهێدی دەدەم هیچ پەرستراوێکی ڕاستەقینە نییە جگە لە تۆ، خۆم دەپارێزم بەتۆ لە شەڕ و خراپەی نەفسم، وە خۆم دەپارێزم بەتۆ لە شەڕ و خراپەی شەیتان و لە شیرک و هاوبەش بڕیاردان بەهۆی شەیتانەوە }

و اتای وشەکان

عَالِمَ الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ : زانای شاراوەو بەرچاو، زانای نادیار و دیار

فَاطِرَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ : دروستکەری ئاسمانەکان و زەوی

رَبَّ كُلِّ شَيْءٍ وَمَلِيكَهُ : پەروەردیگار و خاوەن و پادشای هەموو شتێک

أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا أَنْتَ : شاهێدی دەدەم هیچ پەرستراوێکی ڕاستەقینە نییە جگە لە تۆ

[٣] رواه : الترمذي وأبو داود والنسائي والدارمي وأحمد وابن حبان والحاكم وابن أبي شيبة

أَعُوذُ بِكَ مِنْ شَرِّ نَفْسِي : خۆم دەپارێزم بەتۆ لە شەڕ و خراپەی نەفس و دەروونم

وَشَرِّ الشَّيْطَانِ وَشِرْكِهِ : وە خۆم دەپارێزم بە تۆ لە شەڕ و خراپەی شەیتان و لە هاوبەش بڕیاردان بە هۆی شەیتانەوە، ئەو هاتەی وَشِرْكِهِ دەگەڕێتەوە بۆ الشَّيْطَانِ

دەربارەی ئەم فەرموودەیە

١ – ئەم فەرموودەیە بەیانیان و ئێواران دەکرێت، ١ جار

٢- بەڵام بە نسبەت ئەم زیادەیە وَأَنْ أَقْتَرِفَ عَلَى نَفْسِي سُوءًا، أَوْ أَجُرَّهُ إِلَى مُسْلِمٍ، سلیمان بن ناصر العلوان دەڵێت لاوازە

أَعُوذُ بِكَ مِنْ شَرِّ نَفْسِي وَمِنْ شَرِّ الشَّيْطَانِ : بێگومان گەورەترین و ترسناکترین دوو هۆکار کە بەرەو خراپە و کوفر و شیرکت ببەن نەفس و شەیتانن، بۆیە هەموو بەیانیەک و ئێوارەیەک پێویستە مرۆڤ ئەم زیکرە بخوێنێت تا لەم دووە سەلامەت بێ

٣- ئەم فەرموودەیان بەڕاست داناوە ئەم زانایانە شیخ عبدالله السعد و سليمان بن ناصر العلوان و عبد العزيز الطريفي و أبو علي الحارث الحسني و مصطفى العدوي.

فەرموودەی سێیەم

قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ

{ اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ الْعَفْوَ وَالْعَافِيَةَ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ، اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ الْعَفْوَ وَالْعَافِيَةَ فِي دِينِي وَدُنْيَايَ وَأَهْلِي وَمَالِي، اللَّهُمَّ اسْتُرْ عَوْرَاتِي، وَآمِنْ رَوْعَاتِي ، اللَّهُمَّ احْفَظْنِي مِنْ بَيْنِ يَدَيَّ وَمِنْ خَلْفِي، وَعَنْ يَمِينِي وَعَنْ شِمَالِي، وَمِنْ فَوْقِي، وَأَعُوذُ بِعَظَمَتِكَ أَنْ أُغْتَالَ مِنْ تَحْتِي }[٤]

واتای فەرموودەکە: پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرموویەتی { ئەی اللَّه تَعالَى من داوای لێبووردن و سەلامەتیت لێ دەکەم لە دونیا و دواڕۆژدا، ئەی اللَّه تَعالَى من داوای لێبووردن و سەلامەتیت لێ دەکەم لە دین و دونیام و لە خزم و کەسوکار و ماڵ و سامانم، ئەی اللَّه عەیب و هەڵەکانم داپۆشە، وە ئەمین و دڵنیام بکە لە ترسەکان، ئەی اللَّه بمپارێزە لە پێشمەوە و لە پشتمەوە و لەلای ڕاستەم و لەلای چەپەم و لەلای سەرمەوە، وە خۆ دەپارێزم بە گەورەیی تۆ لەوەی ڕۆبچم و تیابربێم لە ژێرمەوە }

واتای وشەکان

أَسْأَلُكَ الْعَفْوَ وَالْعَافِيَةَ : داوای لێبووردن و سەلامەتیت لێ دەکەم

فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ : لە دونیا و دواڕۆژدا

أَسْأَلُكَ الْعَفْوَ وَالْعَافِيَةَ : داوای لێبووردن و سەلامەتیت لێ دەکەم

[٤] رواه : أبو داود و ابن ماجه و أحمد

فِي دِينِي وَدُنْيَايَ : له دين و دونيام

وَأَهْلِي : وه خزم و كەسم

وَمَالِي : وه ماڵ و سامانم

اللَّهُمَّ اسْتُرْ : ئەی اللَّه دابپۆشی و سترکەی

عَوْرَاتِي : جەمع و کۆیە بۆ وشەی عَوْرَة، عَوْرَة واتا شەرمگە، دامێن، ئەندامی جووت بوون، عَوْرَاتي لێرەدا واتا عُيُوبي والله أعلم، عُيوبي واتا عەیب و کەم و کوورپەکانم

وَآمِنْ : ئەمین کەی، دڵنیاکەی

رَوْعَاتِي : جەمع و کۆیە بۆ وشەی رَوْعَة، رَوْعَة واتا ترس

اللَّهُمَّ احْفَظْنِي : ئەی اللَّه بمپارێزە

مِنْ بَيْنِ يَدَيَّ : له پێشمەوە

مِنْ خَلْفِي : له پشتمەوە

عَنْ يَمِينِي : له ڕاستەمەوە

عَنْ شِمَالِي : له چەپەمەوە

مِنْ فَوْقِي : له سەرمەوە

وَأَعُوذُ بِعَظَمَتِكَ : پەنا دەگرم به گەورەیی تۆ، خۆم دەپارێزم بەگەورەیی تۆ

أَنْ أُغْتَالَ : لەناو ببرێم، تیابببرێم، ڕۆبچم

مِنْ تَحْتِي : له ژێرمەوە

دەربارەی ئەم فەرموودەیە

١– ئەم زیکرە بەیانیان و ئێواران دەکرێت، ١ جار

٢– ئەم زیکرەیان بە ڕاست و دروست داناوە ئەم زانایانە شیخ عبدالله السعد و سليمان بن ناصر العلوان و عبد العزيز الطريفي و أبو علي الحارث الحسني و مصطفى العدوي.

فەرموودەی چوارەم

عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ مَسْعُودٍ قَالَ : كَانَ نَبِيُّ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ إِذَا أَمْسَى قَالَ:

{ أَمْسَيْنَا وَأَمْسَى الْمُلْكُ لِلَّهِ، وَالْحَمْدُ لِلَّهِ، لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ، لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ، وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ، رَبِّ أَسْأَلُكَ خَيْرَ مَا فِي هَذِهِ اللَّيْلَةِ وَخَيْرَ مَا بَعْدَهَا، وَأَعُوذُ بِكَ مِنْ شَرِّ مَا فِي هَذِهِ اللَّيْلَةِ وَشَرِّ مَا بَعْدَهَا، رَبِّ أَعُوذُ بِكَ مِنَ الْكَسَلِ، وَسُوءِ الْكِبَرِ، رَبِّ أَعُوذُ بِكَ مِنْ عَذَابٍ فِي النَّارِ، وَعَذَابٍ فِي الْقَبْرِ}[٥]

واتاکەی: لە عبداللَّەی کوڕی مەسعوودەوە فەرموویەتی: پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئەگەر ئێوارەی بەسەردا بهاتایە ئەیفەرموو { ئێوارەمان بەسەردا هات و مولْک و دەسەڵات هەمووی بۆ اللَّەیە، وە سوپاس و ستایش هەر بۆ اللَّەیە، هیچ پەرستراوێکی ڕاستەقینە نییە جگە لە اللَّە، تەنهایە و هیچ هاوبەشێکی نییە، بۆ اللَّەیە مولْک و سوپاس و ستایش، وە اللَّە تَعالَى بەتوانایە بەسەر هەموو شتێک دا، پەروەردیگارا من داوای خێر و چاکەت لێ دەکەم ئەوەی لەو شەوەدا هەیە و داوای خێر و چاکەی دوای ئەو شەوەشت لێ ئەکەم، وە خۆم دەپارێزم بەتۆ لەو شەڕ و خراپەیەی لەو شەوە دا هەیە و ئەوەی لەدوای ئەو شەوەش دا هەیە، پەروەردیگارا خۆم دەپارێزم بەتۆ لە تەمبەڵی و لە پیرییەکی خراپ، پەروەردیگارا خۆم دەپارێزم بەتۆ لە سزای ئاگر و لەسزای ناوگۆڕ }

[٥] رواه : مسلم و الترمذي و أبو داود وغيرهم

و اتای وشەکان

أَمْسَيْنَا : چوینە کاتی ئێوارەوە، ئێوارەمان بەسەرهات

وَأَمْسَى الْمُلْكُ لِلَّهِ : وە مولّک و دەسەڵات بۆ اللَّه یە و تایبەتە بە اللَّه

وَالْحَمْدُ لِلَّهِ : وە سوپاس و ستایش تایبەتە بە اللَّه

لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ : هیچ پەرستراوێکی ڕاستەقینە نییە جگە لە اللَّه

وَحْدَهُ : تەنهایە، اللَّه تەنهایە

لَا شَرِيكَ لَهُ : هیچ هاوبەشیەک نییە بۆ اللَّه، اللَّه هیچ شەریکێکی نییە لە ئولوهییەت و ربوبییەت و ئەسماء و صیفات دا

لَهُ الْمُلْكُ : بۆ ئەوە مولّک، تەنها بۆ اللَّەیە مولّک و دەسەڵات و خاوەندارییەتی

وَلَهُ الْحَمْدُ : وە هەر بۆ اللَّەیە سوپاس و ستایش و تایبەتە بەو

وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ : وە اللَّه بەسەر هەموو شتێک دا تواناداره

أَسْأَلُكَ خَيْرَ : داوای خێر و چاکەت لێ دەکەم

مَا فِي هَذِهِ اللَّيْلَةِ : ئەوەی لەناو ئەو شەودا هەیە

وَخَيْرَ مَا بَعْدَهَا : وە ئەو خێر و چاکەیەی دوای ئەو شەوە، وە داوای خێر و چاکەی دوای ئەو شەوەشت لێ دەکەم

وَأَعُوذُ بِكَ : وە خۆم دەپارێزم بەتۆ، وە پەنات پێ دەگرم

مِنْ شَرِّ مَا فِي هَذِهِ اللَّيْلَةِ : لەو شەڕ و خراپەیەی ناو ئەو شەودا

وَشَرِّ مَا بَعْدَهَا : وە ئەو شەڕ و خراپەی دوای ئەو شەوە

أَعُوذُ بِكَ مِنَ الْكَسَلِ : پەنات پێ دەگرم لە تەمبەڵی

وَسُوءِ الْكِبَرِ : پیری و پەککەوتوویێکی خراپ، پیریێکی خەڵەفاو

رَبِّ أَعُوذُ بِكَ : پەروەردیگارا خۆم بەتۆ دەپارێزم، پەنا بەتۆ دەگرم

عَذَابٍ : سزا

النَّار : ئاگر

الْقَبْرِ : گۆڕ، قەبر

دەربارەی ئەم فەرموودەیە

١– ئەم زیکرە بەیانیان و ئێواران دەکرێت، ١ جار

٢– بۆ بەیانیان بەم شێوەیەی خوارەوە دەڵێی

{ أَصْبَحْنَا وَ أَصْبَحَ الْمُلْكُ لِلَّهِ، وَالْحَمْدُ لِلَّهِ، لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ، لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ، وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ، رَبِّ أَسْأَلُكَ خَيْرَ مَا فِي هَذَا اليَوْمِ وَخَيْرَ مَا بَعْدَهُ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنْ شَرِّ مَا فِي هَذَا اليَوْمِ وَشَرِّ مَا بَعْدَهُ، رَبِّ أَعُوذُ بِكَ مِنَ الْكَسَلِ، وَسُوءِ الْكِبَرِ، رَبِّ أَعُوذُ بِكَ مِنْ عَذَابٍ فِي النَّارِ، وَعَذَابٍ فِي الْقَبْرِ}

٣- ئەم فەرموودەیان بەڕاست داناوە ئەم زانایانە شیخ عبدالله السعد و سليمان بن ناصر العلوان و عبد العزيز الطريفي و أبو علي الحارث الحسني و مصطفى العدوي.

فەرموودەی پێنجەم

قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ

{ اللَّهُمَّ بِكَ أَصْبَحْنَا وَبِكَ أَمْسَيْنَا، وَبِكَ نَحْيَا وَبِكَ نَمُوتُ، وَإِلَيْكَ النُّشُورُ}[٦]

و اتای فەرموودەکە: پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرموویەتی { ئەی اللَّه بە نیعمەت و یاد و ناوی تۆوە بەیانیمان بەسەر داهات و بە نیعمەت و یادی تۆوە ئێوارەمان بەسەردا هات، وە بە ناوی تۆوە دەژین وە بەناوی تۆوە دەمرین- تۆ دەمان ژیێنی و تۆ دەمان مرێنی- وە هەر بۆلای تۆیە گەڕانەوە و زیندووبوونەوە لەدوای مردن }

و اتای وشەکان

اللَّهُمَّ بِكَ : ئەی اللَّه بەتۆوە، بە بەخشش و ناو و یادی تۆوە

أَصْبَحْنَا : بەیانییمان کردەوە، بەیانیمان بەسەر داهات، چوینە کاتی ئێوارەوە

وَبِكَ أَمْسَيْنَا : وە بە بەخشش و ناو و یادی تۆوە ئێوارەمان بەسەردا هات

وَبِكَ نَحْيَا : بەناوی تۆوە دەژین، تۆ دەمان ژیێنی

وَبِكَ نَمُوتُ : وە بەناوی تۆوە دەمرین، تۆ دەمان مرێنی

وَإِلَيْكَ النُّشُورُ : وە بۆلای تۆیە گەڕانەوە و زیندووبوونەوە لەدوای مردن

[٦] رواه : أحمد وأبو داود والنسائي وابن ماجه وابن حبان في صحيحه وأبو عوانة

دەربارەی ئەم فەرموودەیە

١- ئەم زیکرە بەیانیان و ئێواران دەکرێت، ١ جار

٢- پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئەگەر ئێوارەی بەسەردا بهاتایە ئەیفەرموو { اللَّهُمَّ بِكَ أَمْسَيْنَا، وَبِكَ أَصْبَحْنَا، وَبِكَ نَحْيَا وَبِكَ نَمُوتُ، وَإِلَيْكَ المَصِير }.

٣- ئەم فەرموودەیان بە ڕاست و دروست داناوە ئەم زانایانە: شيخ عبدالله السعد و سليمان بن ناصر العلوان و عبد العزيز الطريفي و أبو علي الحارث الحسني و مصطفى العدوي.

فەرموودەی شەشەم

قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ

{ أَصْبَحْنَا عَلَى فِطْرَةِ الْإِسْلَامِ، وَعَلَى كَلِمَةِ الْإِخْلَاصِ، وَعَلَى دِينِ نَبِيِّنَا مُحَمَّدٍ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، وَعَلَى مِلَّةِ أَبِينَا إِبْرَاهِيمَ حَنِيفًا مُسْلِمًا وَمَا كَانَ مِنَ الْمُشْرِكِينَ }[٧]

و اتای فەرموودەکە: پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرموویەتی { بەیانییمان بەسەردا هات لەسەر فیترەت و سروشتی ئیسلام، وە لەسەر وشەی ئیخلاص و لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّه، وە لەسەر دینی پێغەمبەرمان موحەممەد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ و لەسەر ڕێباز و دینی باوکمان ئیبراهیم کە لایداوە بۆ تەوحید و اللَّه بەتەنها دانان و مسوڵمان و ملکەچ بووە و لە هاوبەش دانەران نەبووە }

و اتای وشەکان

أَصْبَحْنَا : بەیانییمان بەسەردا هات، چوینە کاتی بەیانییەوە

عَلَى فِطْرَةِ الْإِسْلَامِ : لەسەر فیترەت و سروشتی ئیسلام

وَعَلَى كَلِمَةِ الْإِخْلَاصِ : وە لەسەر وشەی تەوحید و اللَّه پەرستی، وە لەسەر وشەی لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّه

وَعَلَى دِينِ نَبِيِّنَا مُحَمَّدٍ : وە لەسەر ئایینی پێغەمبەرمان موحەممەد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ

وَعَلَى مِلَّةِ أَبِينَا إِبْرَاهِيمَ : وە لەسەر ڕێگا و ڕێباز و بەرنامەی باوکمان ئیبراهیم علیه السلام

[٧] رواه : أحمد و الدارمي و غيرهما

حَنِيفًا : لادەر بووە، لایداوە بۆ تەوحید و بەردەوام بووە لەسەر تەوحید، وهو المائل إلى التوحيد مع الثبات عليه.

مُسْلِمًا : موسڵمان و ملکەچ بووە

وَمَا كَانَ مِنَ الْمُشْرِكِينَ : وە ئیبراهیم لە هاوبەش دانەران نەبووە

دەربارەی ئەم فەرموودەیە

١- لەسەر وتەی ڕاستتر تەنها بەیانیان دەکرێت، ١ جار، هەشە لە زانایان دەڵێت بەیانیان و ئێواران دەکرێت، بۆ ئێواران تەنها وشەی أَصْبَحْنَا دەکەیتە أَمْسَيْنَا ئەوەی تر وەکوو خۆیەتی

وَعَلَى مِلَّةِ أَبِينَا إِبْرَاهِيمَ : اللە فەرموویەتی { وَمَن يَرْغَبُ عَن مِّلَّةِ إِبْرَاهِيمَ إِلَّا مَن سَفِهَ نَفْسَهُ } [سورة البقرة : ١٣٠]

واتاکەی: وە هەرکەسێک پشت بکات لە ڕێبازی پێغەمبەر ئیبراهیم ﷺ ئەوا ئیللا ئەو کەسە نەفسی خۆی گێل و نەفام کردووە.

وە اللە فەرموویەتی { ثُمَّ أَوْحَيْنَا إِلَيْكَ أَنِ اتَّبِعْ مِلَّةَ إِبْرَاهِيمَ حَنِيفًا ۖ وَمَا كَانَ مِنَ الْمُشْرِكِينَ } [سورة النحل : ١٢٣]

واتاکەی: پاشان وەحیمان نارد بۆتۆ کەوا شوێنی دین و ڕێبازی ئیبراهیم بکەوە کەوا دینی تەوحید و اللە بەتەنها زانین بووە، وە ئیبراهیم هەرگیز لە هاوبەش دانەران نەبووە.

٢- ئەم فەرموودەیان بە ڕاست و دروست داناوە ئەم زانایانە شیخ عبداللَّه السعد و سليمان بن ناصر العلوان و عبد العزيز الطريفي و أبو علي الحارث الحسني و مصطفى العدوي

فەرموودەی حەوتەم

قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ

{ رَضِيتُ بِاللَّهِ رَبًّا، وَبِالْإِسْلَامِ دِينًا، وَبِمُحَمَّدٍ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نَبِيًّا}[٨]

و اتای فەرموودەکە: پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرموویەتی { ڕازیم اللَّه پەروەردیگار بێت و ئیسلام بەرنامە و ئایین بێت و موحەممەد پێغەمبەر و پێشەوا بێت }

و اتای وشەکان

رَضِيتُ بِاللَّهِ رَبًّا : ڕازیم بە اللَّه پەروەردیگار و خاوەن و گەورە بێت

رَضِيتُ : ڕازیم

وَبِالْإِسْلَامِ دِينًا : وە ڕازیم ئیسلام ئایین و بەرنامە بێت

وَبِمُحَمَّدٍ نَبِيًّا : وە ڕازیم بە موحەممەد صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پێغەمبەر و پێشەوا بێت

[٨] أخرجه : أبو داود و أحمد وغيرهما

دەربارەی ئەم فەرموودەیە

١– ئەم زیکرە بەیانیان و ئێواران دەکرێت، ٣ جار

٢– لە کۆتایی ئەم فەرموودەیەدا پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرموویەتی {إِلَّا كَانَ حَقًّا عَلَى اللَّهِ أَنْ يُرْضِيَهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ}

و اتاکەی: هەرکەسێک ئەم زیکرەی کرد { ئەوە حەقە لەسەر اللَّه ئەو بەندەیە ڕازی بکات لە ڕۆژی قیامەت دا }

٣– **رَبًّا** : ڕازی بوون بەوەی تەنها اللَّه تَعالَى پەروەردیگار و خاوەن و گەورە بێت، تەنها ئەو بپەرستریت بەبێ ئەوەی هیچ شتێکی بۆ بکرێت بە شەریک و هاوبەش.

٤– **وَبِالْإِسْلَامِ** : ڕازی بوون بە هەموو بڕیارەکانی ئیسلام لە فەرمانەکان و قەدەغەکراوەکان.

٥– **وَبِمُحَمَّدٍ نَبِيًّا** : ڕازی بوون بە هەموو ئەو شتانەی پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ پێی هاتووە و بە ئێمەی ڕاگەیاندووە لە بیروباوەڕ و هەموو شتەکانی تردا.

٦– ئەم فەرموودەیان بەڕاست داناوە ئەم زانایانە شيخ عبدالله السعد و سليمان بن ناصر العلوان و عبد العزيز الطريفي و أبو علي الحارث الحسني و مصطفى العدوي

٧–– هەندێک لە زانایان دەڵێن فەرموودەیەکی لاوازە، بەڵێ لاوازییەکی کەمی تێدایە، بەڵام لە فضائل الأعمال دا چاوپۆشی لێ دەکرێت.

فەرموودەی هەشتەم

قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ

{ بِاسْمِ اللَّهِ الَّذِي لَا يَضُرُّ مَعَ اسْمِهِ شَيْءٌ فِي الْأَرْضِ وَلَا فِي السَّمَاءِ، وَهُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ }[٩]

و اتاکەی: پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرموویەتی { بەناوی ئەو اللَّەیەی کە هیچ شتێک زەرەر و زیان نادات لەگەڵ ناو هێنانی دا نە لە زەوی و نە لە ئاسمان دا، وە ئەو اللَّەیە بیسەر و زانایە }

و اتای وشەکان

بِاسْمِ اللَّهِ الَّذِي : بەناوی ئەو اللَّەیەی

لَا يَضُرُّ : زەرەر و زیان نادات

مَعَ اسْمِهِ : لەگەڵ ناو هێنانی دا، ئەو هاتە دەگەڕێتەوە بۆ وشەی اللَّه

شَيْءٌ : هیچ شتێک، بچووکترین شت تا گەورەترین شت دەگرێتەوە

فِي الْأَرْضِ : لە زەوی

فِي السَّمَاءِ : لە ئاسمان

وَهُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ : وە ئەو بیسەر و زانایە، وە اللَّه بیسەر و زانایە - بە هەموو شتێک .

[٩] أخرجه: أبو داود و الترمذي و النسائي و ابن ماجه وأحمد وابن حبان والحاكم وابن أبي شيبة

دەربارەی ئەم فەرموودەیە

١– ئەم زیکرە بەیانیان و ئێواران دەوترێت، ١ جار

٢- وَهُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ : اللَّه بیسەرە بەهەموو ئەو شتانەی دەوترێت، وە زانایە بەهەموو ئەو شتانەی ڕوو ئەدەن

٣– هەر یەک لە شیخ عبدالله السعد و سليمان بن ناصر العلوان و عبد العزيز الطريفي و أبو علي الحارث الحسني و مصطفى العدوي ئەم زیکرەیان هێناوەتەوە لە دیاری کردنی زیکرەکانی بەیانییان و ئێواران دا

٤- ئەم فەرموودەیە هەندێک قسەی لەسەرە دەربارەی صەحیحی و ضەعیفییەکەی، بەڵام لەبەر ئەوەی لە بابەتی فضائل الأعمال ـە زۆرێک لە زانایان ڕێیان پێداوە، وە پێشەوا الترمذي و کۆمەڵێکیش لە زانایان پێیان وایە فەرموودەیەکی صەحیحە.

فەرموودەی نۆیەم

قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ

{ سُبْحَانَ اللَّهِ وَبِحَمْدِهِ عَدَدَ خَلْقِهِ، وَرِضَا نَفْسِهِ، وَزِنَةَ عَرْشِهِ، وَمِدَادَ كَلِمَاتِهِ}[١٠]

و اتاکەی: پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرموویەتی { پاکی و بێگەردی و سوپاس و ستایش بۆ اللَّه بە ئەندازەی ژمارەی دروستکراوەکانی و بە ئەندازەی ڕازی بوونی خۆیی و بە ئەندازەی گرانی عەرشەکەیی و بە ئەندازەو ژمارەی وشەکانی }

و اتای وشەکان

سُبْحَانَ اللَّهِ وَبِحَمْدِهِ : پاک و بێگەردی و سوپاس و ستایش بۆ اللَّه

عَدَدَ خَلْقِهِ : بە عەدەدی دروستکراوەکانی، بەئەندازەی دروستکراوەکانی، ئەو هاتە دەگەڕێتەوە بۆ وشەی اللَّه

رِضَا نَفْسِهِ : بەڕازیبوونی نەفسی خۆی، بە ڕازی بوونی ذاتی پاکی خۆی، ئەو هاتە دەگەڕێتەوە بۆ وشەی اللَّه

زِنَةَ عَرْشِهِ : قورسی و کێشی عەرشەکەی، ئەو هاتە دەگەڕێتەوە بۆ وشەی اللَّه

مِدَادَ كَلِمَاتِهِ : بە ئەندازە و وێنەی وشەکانی

---

[١٠] أخرجه: مسلم وأبو داود والترمذي والنسائي وابن ماجه وأحمد و ابن أبي شيبة و ابن حبان والطبراني وغيرهم

دەربارەی ئەم فەرموودەیە

١ – ئەم زیکرە تایبەتە بە بەیانیان، ٣ جار دەگوترێت

٢ – عَدَدَ خَلْقِهِ :أي: قَدْرَ عَدَدِ خَلْقِهِ واتا: بە ئەندازەو ژمارەی هەموو دروستکراوەکانی، هیچ کەسێک ژمارەی دروستکراوەکانی اللَّه تَعالَى نازانێت، دروستکراوەکانی زۆر زۆرن وەکوو مرۆڤەکان و مەلائیکەتەکان و جنەکان و باڵندەکان و ئەوانەی لە وشکانی دەژین و ئەوانەی لە دەریادا دەژین، اللَّه تَعالَى فەرموویەتی {وَمَا يَعْلَمُ جُنُودَ رَبِّكَ إِلَّا هُوَ} واتا: هیچ کەسێک ژمارەی سوپا و جوندییەکانی اللَّه تَعالَى نازانێت جگە لەخۆی نەبێ، تەنها خۆی ئەزانێت ژمارەی دروستکراوەکانی چەندە زۆرن.

٣– وَرِضَا نَفْسِهِ: اللَّه تَعالَى بە پاک ڕائەگرم و سوپاس و ستایشی دەکەم بە ئەندازەی ئەوەی خۆی ئەیەوێت و پێی ڕازی ئەبێت

٤– وَزِنَةَ عَرْشِهِ : تەسبیحاتی اللَّه تَعالَى دەکەم بە ئەندازەی قورسی و کێشی عەرشەکەی ، وە هیچ کەسێک نازانێت قورسی عەرشەکەی چەندە جگە لە اللَّه، چونکە عەرش گەورەترین و قورسترین دروستکراوی اللَّه تَعالَى یە.

٥– وَمِدَادَ كَلِمَاتِهِ : وشەی مِدَادَ بە واتای مەرەکەبیش دێت، هەروەک اللَّه تَعالَى فەرموویەتی { قُل لَّوْ كَانَ الْبَحْرُ مِدَادًا لِّكَلِمَاتِ رَبِّي لَنَفِدَ الْبَحْرُ قَبْلَ أَن تَنفَدَ كَلِمَاتُ رَبِّي وَلَوْ جِئْنَا بِمِثْلِهِ مَدَدًا }[سورة الكهف : ١٠٩]

٦- ئەم فەرموودەیان بە صەحیح داناوە ئەم زانایانە شیخ عبدالله السعد و سليمان بن ناصر العلوان و عبد العزيز الطريفي و أبو علي الحارث الحسني و مصطفى العدوي.

فەرموودەی دەیەم

قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ

{ أَعُوذُ بِكَلِمَاتِ اللَّهِ التَّامَّاتِ مِنْ شَرِّ مَا خَلَقَ }[11]

واتای فەرموودەکە: پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرموویەتی { خۆم دەپارێزم بە وشە تەواوەکانی اللَّه لەو شەڕ و خراپانەی دروستی کردووە }

واتای وشەکان

أَعُوذُ : خۆم دەپارێزم

بِكَلِمَاتِ اللَّهِ : بە وشەکانی اللَّه، كَلِمَاتِ جەمع و کۆیە بۆ وشەی كَلِمَة

التَّامَّاتِ : تەواوەکان، التَّامَّاتِ جەمع و کۆیە بۆ وشەی التَّامَّة

مِنْ شَرِّ : لە شەڕی

مَا خَلَقَ : ئەوەی دروستی کردووە

دەربارەی ئەم فەرموودەیە

١ – ئەم زیکرە تایبەتە بە ئێواران، واتا کاتەکەی دوای نوێژی عەسر دەست پێ دەکات، ١ جار دەخوێندرێ

٢ – **بِكَلِمَاتِ اللَّهِ** : مەبەست تێیدا کلام اللَّه یە قورئانیش کەلامی اللَّهیە

٣ – **التَّامَّاتِ** : ئەم وشانەی اللَّه تَعالَى سوود بەخش و تەواو و بێ کەم و کوڕی و بێ عەیبن

[11] أخرجه : مسلم وأبو داود والترمذي والنسائي وابن ماجه وأحمد ومالك وابن حبان

٤- هەر کەسێک ئەم زیکرەی خوێند لە ئێوارەدا پاشان ئەگەر دووپشک پێوەشی بدات زەرەری پێ ناگەیەنێت تا بەیانی ئەکاتەوە

٥- تەواوی فەرموودەکە بەم شێوەیەی خوارەوەیە

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، أَنَّهُ قَالَ { جَاءَ رَجُلٌ إِلَى النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، فَقَالَ : يَا رَسُولَ اللَّهِ، مَا لَقِيتُ مِنْ عَقْرَبٍ لَدَغَتْنِي الْبَارِحَةَ. قَالَ : أَمَا لَوْ قُلْتَ حِينَ أَمْسَيْتَ : أَعُوذُ بِكَلِمَاتِ اللَّهِ التَّامَّاتِ مِنْ شَرِّ مَا خَلَقَ. لَمْ تَضُرَّكَ } رواه مسلم وغيره

٦- ئەم فەرموودەیان بە صەحیح داناوە ئەم زانایانە شیخ عبدالله السعد و سليمان بن ناصر العلوان و عبد العزيز الطريفي و أبو علي الحارث الحسني و مصطفى العدوي.

چەند فەرموودەیەکی تریش هاتووە دەربارەی زیکرەکانی بەیانیان و ئێواران

فەرموودەی یەکەم: وتنی

{ يَا حَيُّ يَا قَيُّومُ بِرَحْمَتِكَ أَسْتَغِيثُ، أَصْلِحْ لِي شَأْنِي كُلَّه، وَلَا تَكِلْنِي إِلَى نَفْسِي طَرْفَةَ عَيْنٍ } رواه النسائي في سنن الكبرى

و اتاکەی { ئەی ئەوەی بەردەوام زیندوویت و دەمێنێیتەوە، ئەی ئەوەی ڕاگر و بەڕێوەبەری هەموو دروستکراوەکانی بەسۆز و میهرەبانی خۆت داوای بەهانا هاتن و یارمەتیت لێ دەکەم، هەموو کاروبارێکم چاک بکەی، وە وازم لێ مەهێنە بۆ نەفسی خۆم بۆ چاو تروکانێکیش }

ئەم زیکرە بەیانیان و ئێواران ئەنجام دەدرێت، ١ جار،

سليمان بن ناصر العلوان و عبدالعزيز الطريفي و عبدالله السعد بە صەحیحیان داناوە

فەرموودەی دووەم: وتنی

{ حَسْبِيَ اللَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ وَهُوَ رَبُّ الْعَرْشِ الْعَظِيمِ } رواه أبو داود

و اتاکەی: لە ئەبو دەردائەوە اللَّه لێی ڕازی بێت فەرموویەتی { اللَّەم بەسە هیچ پەرستراوێک نییە بەحەق و ڕاستی جگە لە اللَّه تَعالَى، پشتم تەنها بەو بەستووە ، وە اللَّه تَعالَى خاوەنی عەرشی گەورەیە }

ئەم زیکرە بەیانیان و ئێواران ٧ جار ئەنجام دەدرێت، ئەم فەرموودەیە بەمەرفوعی لاوازە، بەڵکوو مەوقوفە و وتەی ئەبو دەردائە، فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ نیە، عبدالله السعد و عبد العزيز الطريفي و أبو علي الحارث الحسني و سليمان بن ناصر العلوان و چەندانی تر بە ڕاستییان داناوە بە مەوقوفی

فەرموودەی سێیەم: وتنی

{ ....قُلْ (قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ) وَالْمُعَوِّذَتَيْنِ حِينَ تُمْسِي وَحِينَ تُصْبِحُ ثَلَاثَ مَرَّاتٍ، تَكْفِيكَ مِنْ كُلِّ شَيْءٍ } رواه الترمذي و أبو داود

و اتاکەی: بڵێ (قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ) و { قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ الفَلَق } و { قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ النَّاس } لەو کاتەی ئێوارە و بەیانی دەکەیتەوە سێ جار، بەسە بۆت ئەم سێ سورەتە لە هەموو شتێک }

ئەم فەرموودەیە بەم شێوەیە ضەعیف و لاوازە، بەڵکو لە فەرموودەی بەهێزتر هاتووە کەوا تەنها سورەتی { قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ الفَلَق } و { قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ النَّاس } دەخوێندرێت لە بەیانیان و ئێواران دا، ١ جار

فەرموودەی چوارەم: دە جار سەڵاوات لێدان لەسەر پێغەمبەر ﷺ

{ مَنْ صَلَّى عَلَيَّ حِينَ يُصْبِحُ عَشْرًا، وَحِينَ يُمْسِي عَشْرًا، أَدْرَكَتْهُ شَفَاعَتِي يَوْمَ الْقِيَامَةِ } رواه الطبراني في الكبير وابن أبي عاصم

و اتاکەی { هەرکەسێک لەو کاتەی بەیانی دەکاتەوە ١٠ سەڵەواتم لەسەر لێدا، وە لەو کاتەی ئێوارەی بەسەردا دێت ١٠ سەڵەواتم لەسەر لێبدا، ئەوە لە ڕۆژی قیامەت دا شەفاعەتی منی بەردەکەوێ }

الحافظ العراقي والسخاوي وسليمان بن ناصر العلوان وخالد الحايك وعبد الله السعد وأبو علي الحارث الحسني وعبد العزيز الطريفي ومصطفى العدوي و زۆری تریش بە لاوازیان داناوە، پچڕان هەیە لە سەنەدەکەدا

فەرموودەی پێنجەم: وتنی

{ اللَّهُمَّ عَافِنِي فِي بَدَنِي، اللَّهُمَّ عَافِنِي فِي سَمْعِي، اللَّهُمَّ عَافِنِي فِي بَصَرِي، لَا إِلَهَ إِلَّا أَنْتَ } رواه أبو داود

واتاکەی: ئەی اللە لاشەم سەلامەت کەی، ئەی اللە گوێچکەم سەلامەت کەی، ئەی اللە چاوم سەلامەت کەی، هیچ پەرستراوێک نیە بە حەق جگە لە تۆ

ئەم زیکرە بەیانیان و ئێواران دەکرێت، ٣ جار، بەڵام پێشەوا النسائي و عبدالله السعد و مصطفى العدوي وعبد العزيز الطريفي وأبو علي الحارث الحسني و زۆری تریش بە لاوازیان داناوە، لەسەنەدەکەدا پیاوێکی تێدایە بەناوی جَعْفَرُ بْنُ مَيْمُونٍ بەهێز نیە لە فەرموودەدا، بەڵام ئاساییە ئەنجام بدرێت

فەرموودەی شەشەم: وتنی

{ اللَّهُمَّ مَا أَصْبَحَ بِي مِنْ نِعْمَةٍ فَمِنْكَ وَحْدَكَ لَا شَرِيكَ لَكَ، فَلَكَ الْحَمْدُ وَلَكَ الشُّكْرُ } رواه أبو داود

شیخ عبدالله السعد و سليمان بن ناصر العلوان وعبدالعزيز الطريفي و مصطفى العدوي و زۆری تریش بە لاوازیان داناوە

فەرموودەی حەوتەم: وتنی

{ اللَّهمّ أَصْبحْنَا نُشْهِدُكَ، وَنُشْهِدُ حَمَلَةَ عَرْشِكَ وَمَلَائِكَتَكَ وَجَمِيعَ خَلْقِكَ بِأَنَّكَ اللَّهُ، لَا إِلَهَ إِلَّا أَنْتَ اللَّهُ وَحْدَكَ لَا شَرِيكَ لَكَ، وَأَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُكَ وَرَسولُكَ؛ إِلَّا غَفَرَ اللَّهُ لَهُ مَا أَصابَ فِي يَوْمِهِ ذَلِك، وَإِنْ قَالها حِينَ يُمْسِي غفَر اللَّهُ لَهُ مَا أَصَاب فِي تِلْكَ اللَّيْلةِ مِنْ ذَنْبٍ } رواه أبو داود والترمذي

پێشەوا الترمذي و سليمان بن ناصر العلوان وأبو علي الحارث الحسني و مصطفى العدوي و زۆری تریش بە لاوازیان داناوە

فەرموودەی هەشت: وتنی

{ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ، وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ، لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ، وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ}

ئەمەشیان بەیانیان و ئێواران دەوترێت ١٠ جار، زۆرێک لە زانایان بە حەسەنیان داناوە و ئەنجامدانی کارێکی چاکە.

فەرموودەی یازدە

قالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ

{ مَنْ قَالَ : سُبْحَانَ اللَّهِ وَبِحَمْدِهِ فِي يَوْمٍ مِائَةَ مَرَّةٍ، حُطَّتْ خَطَايَاهُ، وَإِنْ كَانَتْ مِثْلَ زَبَدِ الْبَحْرِ}[١٢]

واتای فەرموودەکە: پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرموویەتی {هەر کەسێک لە ڕۆژێکدا سەد جار بڵێت سبحان الله وبحمده ئەوە تاوان و هەڵەکانی دەسڕێنەوە ئەگەر بێتو وەکوو کەفی دەریاش بێ }

واتای وشەکان

مَنْ : هەرکەسێك

قَالَ : وتی

سُبْحَانَ اللَّهِ : پاک و بێگەردی بۆ اللَّهُ تَعَالَى لە هەموو خراپە و شیرک و کەموکورتیەک

وَبِحَمْدِهِ : وە سوپاس و ستایش بۆ اللَّهُ تَعَالَى

فِي يَوْمٍ : لە ڕۆژێکدا

مِائَةَ مَرَّةٍ : سەد جار

حُطَّتْ : دەسڕێتەوە ، ڕەش دەکرێتەوە

خَطَايَاهُ : هەڵە و تاوانەکانی، هەڵەو تاوانەکانی ئەو کەسەی ئەم زیکرە دەکات

[١٢] مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ

وَإِنْ كَانَتْ مِثْلَ زَبَدِ الْبَحْرِ : ئەگەر بێتو گوناهو تاوانەکانی وەکوو کەفی دەریاش بێت

مِثْلَ : وەکوو

زَبَدِ الْبَحْرِ : کەفی دەریا

دەربارەی ئەم فەرموودەیە

١ – ئەم زیکرە ڕۆژانە سەد جار دەکرێت

٢ –– سُبْحَانَ اللَّهِ وَبِحَمْدِهِ چەندین فەرموودەی تری لەسەر هاتووە

➢ فەرموودەی یەکەم:

قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ

{ كَلِمَتَانِ خَفِيفَتَانِ عَلَى اللِّسَانِ، ثَقِيلَتَانِ فِي الْمِيزَانِ، حَبِيبَتَانِ إِلَى الرَّحْمَنِ : سُبْحَانَ اللَّهِ وَبِحَمْدِهِ، سُبْحَانَ اللَّهِ الْعَظِيمِ } متفق عليه

و اتای فەرموودەکە: پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرموویەتی { دوو ڕستە هەنە سوک و ئاسانن لەسەر زمان، قورس و گرانن لە تەرازوو ، خۆشەویستن لە لای اللَّهُ تَعَالَى، ئەویش بریتیین لە وتنی سُبْحَانَ اللَّهِ وَبِحَمْدِهِ، سُبْحَانَ اللَّهِ الْعَظِيمِ }

➢ فەرموودەی دووەم:

عَنْ أَبِي ذَرٍّ ، قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ { أَلَا أُخْبِرُكَ بِأَحَبِّ الْكَلَامِ إِلَى اللَّهِ ؟ قُلْتُ : يَا رَسُولَ اللَّهِ، أَخْبِرْنِي بِأَحَبِّ الْكَلَامِ إِلَى اللَّهِ. فَقَالَ : إِنَّ أَحَبَّ الْكَلَامِ إِلَى اللَّهِ سُبْحَانَ اللَّهِ وَبِحَمْدِهِ }رواه مسلم و أحمد

و اتای فەرموودەکە: لە ئەبو ذەرەوە فەرموویەتی، پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی { ئایا هەواڵت دەمێ بە خۆشترینی قسەکان لەلای اللە ؟ ئەبو ذەر فەرمووی: ئەی نێردراوی اللە هەواڵم بدێ بە خۆشەویسترینی قسەکان لەلای اللە. جا پێغەمبەر ﷺ فەرمووی : بێگومان خۆشەویسترینی قسەکان لەلای اللە بریتییە لە سُبْحَانَ اللَّهِ وَبِحَمْدِهِ }.

فەرموودەی دوازدە

قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ

{ وَاللَّهِ إِنِّي لَأَسْتَغْفِرُ اللَّهَ وَ أَتُوبُ إِلَيْهِ فِي الْيَوْمِ أَكْثَرَ مِنْ سَبْعِينَ مَرَّةً } [١٣]

و اتای فەرموودەکە: پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرموویەتی { سوێند بە اللَّه بێگومان من داوای لێخۆشبوون دەکەم لە اللَّه و دەگەڕێمەوە بۆ لای لە ڕۆژێکدا زیاتر لە حەفتا جار }

و اتای وشەکان

وَاللَّهِ : سوێند بە اللَّه

لَأَسْتَغْفِرُ اللَّهَ : بێگومان داوای لێخۆشبوون دەکەم لە اللَّه، داوای لێبوردن دەکەم لە اللَّه

وَ أَتُوبُ إِلَيْهِ : وە ئەگەڕێمەوە لای، وە ئەگەڕێمەوە لای اللَّه، ئەو هاتە دەگەڕێتەوە بۆ وشەی اللَّه

فِي الْيَوْمِ : لە ڕۆژێک دا

أَكْثَرَ مِنْ : زیاتر لە

سَبْعِينَ مَرَّةً : حەفتا جار

[١٣] رواه : البخاري و الترمذي و أحمد

دەربارەی ئەم فەرموودەیە

١- ئەم زیکرە ڕۆژانە زیاد لە حەفتا جار ئەنجام دەدرێت یان سەد جار ئەنجام دەدرێت، چونکە فەرمودەی تری لەسەرە

قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ { وَإِنِّي لَأَسْتَغْفِرُ اللَّهَ فِي الْيَوْمِ مِائَةَ مَرَّةٍ } رواه مسلم و أحمد

واتاکەی: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی { وە بێگومان من داوای لێخۆشبون لە اللە دەکەم لە ڕۆژێکدا سەد جار }

لە فەرموودەیەکی تر هاتووە پێغەمبەر ﷺ فەرموەتی{ يَا أَيُّهَا النَّاسُ، تُوبُوا إِلَى اللَّهِ، فَإِنِّي أَتُوبُ فِي الْيَوْمِ إِلَيْهِ مِائَةَ مَرَّةٍ}رواه مسلم

واتای فەرموودەکە { ئەی خەڵکینە بگەڕێنەوە بۆلای اللَّه، بێگومان من لە ڕۆژێکدا سەد جار ئەگەڕێمەوە بۆلای اللَّه }

چەند شێوازێکی أَسْتَغْفِرُ اللَّه و داوای لێخۆشبوون کردن

١- { أَسْتَغْفِرُ اللَّهَ أَسْتَغْفِرُ اللَّهَ، أَسْتَغْفِرُ اللَّهَ } رواه مسلم

٢- { أَسْتَغْفِرُ اللَّهَ وَأَتُوبُ إِلَيْهِ } رواه مسلم

٣- { رَبِّ اغْفِرْلِي وَتُبْ عَلَيَّ } رواه أبو داود و غيره

٤- { سُبْحَانَ اللَّهِ وَبِحَمْدِهِ، أَسْتَغْفِرُ اللَّهَ وَأَتُوبُ إِلَيْهِ } رواه مسلم

٥- وە گەورەی داوای لێخۆشبوون کردنەکانیش بریتییە لە وتنی { اللَّهُمَّ أَنْتَ رَبِّي، لَا إِلَهَ إِلَّا أَنْتَ، خَلَقْتَنِي وَأَنَا عَبْدُكَ، وَأَنَا عَلَى عَهْدِكَ وَوَعْدِكَ مَا اسْتَطَعْتُ، أَعُوذُ بِكَ مِنْ شَرِّ مَا صَنَعْتُ، أَبُوءُ لَكَ بِنِعْمَتِكَ عَلَيَّ وَأَبُوءُ بِذَنْبِي، فَاغْفِرْلِي ؛ فَإِنَّهُ لَا يَغْفِرُ الذُّنُوبَ إِلَّا أَنْتَ } رواه البخاري

چەند فەرمـــوودەیەکی ضـــەعیف ولاوازیـــش هـــاتووە دەربارەی الاستغفار و داوای لێخۆشبون کردن

١- { مَنْ لَزِمَ الِاسْتِغْفَارَ جَعَلَ اللَّهُ لَهُ مِنْ كُلِّ ضِيقٍ مَخْرَجًا، وَمِنْ كُلِّ هَمٍّ فَرَجًا، وَرَزَقَهُ مِنْ حَيْثُ لَا يَحْتَسِبُ } رواه وأبو داود وابن ماجه وغيرهما

واتاکەی { هەر کەسێک پابەند بێت بە إستغفار (واتا بەردەوام بێت لەسەر داوای لێخۆشبوون کردن) ئەوە اللە بۆ هەموو کێشە و تەنگانەیەک دەرگای لێ دەکاتەوە و نەجاتی دەدات، وە لە هەموو خەم و خەفەتێك ڕزگاری دەکات ، وە ڕزق و ڕۆزی وای پێ دەدا بەبێ ئەوەی کەسەکە بە خەیاڵیشی دا بێت }

المنذري والبغوي والذهبي والمناوي وعبدالله السعد ومصطفى العدوي وأبو إسحاق الحويني و زۆری تریش بەلاوازیان داناوە

لە سەنەدەکەدا پیاوێکی تێدایە بەناوی الْحَكَمُ بْنُ مُصْعَبٍ کەس بە ثیقەی دانەناوە، وە هەروەها الذهبي و ابن حجر و هی تریش دەڵێن کەسێکی نەناسراو و مەجهولە

٢- { مَنِ اسْتَغْفَرَ لِلْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِناتِ كَتَبَ اللَّهُ لَهُ بِكُلِّ مُؤمِنٍ وَ مُؤمِنَةٍ حَسَنَة} أخرجه الطبراني وَحسَّنه ألباني

واتاکەی { هەرکەسێك داوای لێ خۆش بوون بۆ ئیمانداران پیاو و ئافرەت بکات، اللَّهُ تَعَالَى بە ئەندازەی هەریەک لەو پیاو و ئافرەتە ئیماندارانە چاکەیەکی بۆ ئەنوسێت }

شيخ عبدالله بن عبد الرحمن السعد و خالد الحايك و أبو علي الحارث الحسني و سليمان بن ناصر العلوان و مصطفى العدوي و چەندانی تر بە ضەعیف و لاوازیان داناوە

له سەنەدی ئەم حەدیثەدا چەندین پیاوی تێدایە فەرموودەکانیان ضەعیف و لاوازن یەکێک لەوانە (عیسی بن سنان)

٣- { مَنْ قَالَ أَسْتَغْفِرُ اللَّهَ الَّذِي لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ الحَيُّ القَيُّومُ وَ أَتُوبُ إِلَيْهِ، غُفِرَ لَهُ وَإِنْ كَانَ فَرَّ مِنْ الزَّحْفِ } رواه أبو داود والترمذي

واتاکەی { هەرکەسێک وتی أَسْتَغْفِرُ اللَّهَ الَّذِي لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ الحَيُّ القَيُّومُ وَأَتُوبُ إِلَيْهِ، ئەوە اللَّهُ تَعَالَى لێی خۆش دەبێ ئەگەر چی لەکاتی بەرەنگاربوونەوەی دوژمنیش پشتی هەڵکردبێت و ڕای کردبێ }.

پێشەوا التِّرْمِذي و خالد الحايک و سليمان بن ناصر العلوان و أبو علي الحارث الحسني و مصطفى العدوي و عبدالله بن عبدالرحمن السعد و هی تریش به لاوازیان داناوه.

فەرموودەی سێیزدە

قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ

{ مَنْ قَالَ : لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ، وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ، لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ، وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ. فِي يَوْمٍ مِائَةَ مَرَّةٍ، كَانَتْ لَهُ عَدْلَ عَشْرِ رِقَابٍ، وَكُتِبَتْ لَهُ مِائَةُ حَسَنَةٍ، وَمُحِيَتْ عَنْهُ مِائَةُ سَيِّئَةٍ، وَكَانَتْ لَهُ حِرْزًا مِنَ الشَّيْطَانِ يَوْمَهُ ذَلِكَ حَتَّى يُمْسِيَ، وَلَمْ يَأْتِ أَحَدٌ بِأَفْضَلَ مِمَّا جَاءَ بِهِ، إِلَّا أَحَدٌ عَمِلَ أَكْثَرَ مِنْ ذَلِكَ } [١٤]

واتاکەی فەرموودەکە: پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرموویەتی {هەرکەسێک لە ڕۆژێک دا سەد جار وتی هیچ پەرستراوێک نییە بەحەق بپەرستێ جگە لە اللَّه نەبێ، اللَّه تەنهایە و هاوبەشی بۆ نییە، بۆ اللَّهیە مولْک و دەسەڵات وە تایبەت بە اللَّهیە سوپاس و ستایش، وە اللَّه بەسەر هەموو شتێک دا بەتوانایە، وەک ئەوە وایە دە کۆیلەی ئازاد کردبێت - واتا پاداشتی ئازادکردنی دە کۆیلەی بۆ دەنووسرێت -، وە سەد چاکەی بۆ دەنوسرێت و سەد خراپەی لێ ڕەش دەکرێتەوە، وە بۆی دەبێتە پارێزەر و قەڵایێک لە شەیتان ئەو ڕۆژەی هەتا ئێوارە، هیچ کەسێک نایێت بە چاکتر لەوەی ئەو پێی هاتووە، مەگەر کەسێک زیاتری کردبێت لەوە، - سەد جاری زیاتر ئەم زیکرە وتبێت - }

واتای وشەکان

كَانَتْ : ئەم وشانە، ئەم زیکرە – لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ، وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ، لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ، وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ – دەبێت

[١٤] رواه : البخاري و مسلم و الترمذي والنسائي و ابن ماجه و مالك و غيرهم

لَهُ : بۆی، بۆ ئەوکەسە، ئەو هاتە دەگەڕێتەوە بۆ وشەی مَنْ

عَدْلَ : وەکوو، هاوشێوەی، ئەندازەی، وێنەی – پاداشتی ئازادکردنی –

عَشْرِرِقَابٍ : دە گەردەن، دە کۆیلە، رِقَابٍ جەمع و کۆیە بۆ وشەی رَقَبَة، رَقَبَة واتا مل، گەردەن، مەبەست لێرەدا ئازادکردنی گەردەنی کۆیلەیە لە کۆیلایەتی

وَكُتِبَتْ لَهُ : دەنوسرێ بۆی، بەخۆی كُتِبَتْ بەواتای نوسرا دێت

مِائَةُ حَسَنَةٍ : سەد چاکە

وَمُحِيَتْ عَنْهُ : وە ڕەش دەکرێتەوە لێ

مِائَةُ سَيِّئَةٍ : سەد خراپە

وَكَانَتْ لَهُ حِرْزًا : وە بۆی دەبێتە قەڵا و پارێزەر و ڕێگر

حِرْزًا : قەڵا، پارێزەر، ڕێگر

مِنَ الشَّيْطَانِ : لە شەیتان، لە وەسوەسەی شەیتان

يَوْمَهُ ذَلِكَ : ئەو ڕۆژەی

حَتَّى يُمْسِيَ : تا ئێوارە دەکاتەوە

وَلَمْ يَأْتِ أَحَدٌ : وە هیچ یەکێک نایێت، واتا لە ڕۆژی قیامەت

أَفْضَلَ مِمَّا : چاکتر لەوەی

جَاءَ بِهِ : هاتووە پێی، پێی هاتووە، هێناویەتی

إِلَّا أَحَدٌ : مەگەر یەکێک

عَمِلَ أَكْثَرَ : زیاتری کردبێ

مِنْ ذَلِكَ : لەوە، لە سەد جار

دەربارەی ئەم فەرموودەیە

١– ئەم زیکرە رۆژانە ١٠٠ جار دەکرێت

٢– زۆر گرنگی بەم زیکرە بدەن بەڵکوو جن و شەیتانەکان نەتوانن ئەزیەتتان بدەن و بێنە لاشەتانەوە

٣– ئەم زیکرە هیچ ماندبوونێکی تێدا نییە دەتوانی ئەنجامی بدەی بە هەر جۆرێک بێت بە وەستان بێت یان دانیشتن یان پاڵدانەوە یان لەکاتی ئیش کردن بێت

چەندین فەرموودەی صەحیح هاتووە لەسەر فەزڵ و گەورەیی لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ، وە چەند فەرموودەیەکی لاوازیش هاتووە دەربارەی گەورەیی لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ

➢ فەرموودەی یەکەم:

قَالَ مُوسَى-عَلَيْهِ السَّلامُ { يَا رَبِّ! عَلِّمْنِي شَيْئًا أَذْكُرُكَ وَأَدْعُوكَ بِهِ. قَالَ: قُلْ يَا مُوسَى: لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ. قَالَ: يَا رَبِّ! كُلُّ عِبَادِكَ يَقُولُونَ هَذَا؟ قَالَ: يَا مُوسَى! لَوْ أَنَّ السَّمَوَاتِ السَّبْعَ وَعَامِرَهُنَّ غَيْرِي وَالْأَرَضِينَ السَّبْعَ فِي كِفَّةٍ، وَ(لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ) فِي كِفَّةٍ، مَالَتْ بِهِنَّ (لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ) } رَوَاهُ ابْنُ حِبَّانَ وَالحَاكم، ضعفه أبو علي الحارث الحسني و سليمان بن ناصر العلوان و مصطفى العدوي و عبدالله السعد وغيرهم

و اتاکەی // پێغەمبەر موسا علیه السلام فەرمووی ئەی پەروەردیگار شتێکم فێربکە یادی تۆی پێ بکەم و لەتۆ بپارێمەوە پێی ، پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمووی اللَّهُ تَعَالَى بە موسای فەرموو ئەی موسا بڵێ لا إله إلا الله، موسا علیه السلام فەرمووی ئەی پەروەردیگارا هەموو بەندەکانت ئاوا دەڵێن، الله تعالی پێی فەرموو ئەی موسا ئەگەر هەر حەوت ئاسمانەکە وە ئاوەدان کەرەوەکانی ئەو نێوانەش جگە لەمن، وە هەر حەوت زەوییەکەش لەلا تەرازووەک بن وە لا إله إلا الله لەلا تەرازووەک بێت ئەوە لا إله إلا الله قورس تر لەوان.

➢ فەرموودەی دووەم:

{ أَفْضَلُ الذِّكْرِ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ، وَ أَفْضَلُ الدُّعَاءِ الْحَمْدُ لِلَّهِ } رواه ابن ماجه و الترمذي وقال هَذَا حَدِيثٌ حَسَنٌ غَرِيبٌ لَا نَعْرِفُهُ إِلَّا مِنْ حَدِيثِ مُوسَى بْنِ إِبْرَاهِيم، ضعفه سليمان بن ناصر العلوان و مصطفى العدوي وغيرهما

و اتاکەی { باشترین زیکر بریتییە لە لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ، وە باشترین دوعا بریتییە لە الْحَمْدُ لِلَّهِ }

➢ فەرموودەی سێیەم:

{ جَدِّدُوا إِيمَانَكُمْ " قِيلَ : يَا رَسُولَ اللَّهِ، وَكَيْفَ نُجَدِّدُ إِيمَانَنَا ؟ قَالَ : أَكْثِرُوا مِنْ قَوْلِ : لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ } رواه أحمد، ضعفه ابن عدي و أبو علي الحارث الحسني و مصطفى العدوي وغيرهم

و اتاکەی { پێغەمبەرﷺ بە هاوەڵانی فەرموو ئیمانتان تازەو نوێ بکەنەوە، وترا ئەی نێردراوی اللە چۆن ئیمانمان نوێ بکەینەوە، فەرمووی بە زۆر وتنی لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ }

وەک وتم لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ فەرموودەی صەحیحی زۆر لەسەرە و باشترین زیکرە وەک لەفەرموودەی تری صەحیح هاتووە.

فەرموودەی چوارده

قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ

{ مَنْ قَرَأَ الْآيَتَيْنِ مِنْ آخِرِ سُورَةِ الْبَقَرَةِ فِي لَيْلَةٍ كَفَتَاهُ }[١٥]

و اتاکەی: پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرموویەتی { هەرکەسێک ئەو دوو ئایەتەی کۆتایی سورەتی بەقەرەی خوێندەوە لە شەوێک دا ئەوە ئەو دوو ئایەتە بەسیەتی - لە خوێندنی قورئان و شەو نوێژ و پاراستنی لە شەیتان و بەڵاو ناڕەحەتییەکان - }

و اتای وشەکان

مَنْ قَرَأَ : هەرکەسێک خوێندییەوە

الْآيَتَيْنِ : ئەو دوو ئایەتەی

مِنْ آخِرِ : لە کۆتایی

سُورَةِ الْبَقَرَةِ : سورەتی بەقەرە

فِي لَيْلَةٍ : لە شەوێک دا

كَفَتَاهُ : بەسە ئەو دوو ئایەتە بۆی، ئەو دوو ئایەتەی بەسە، بەسیتی بۆ پاراستنی لە خراپە

[١٥] رواه : البخاري و مسلم و أبو داود و الترمذي وابن ماجه و أحمد و الدارمي

دەربارەی ئەم فەرموودەیە

١– کاتی خوێندنی ئەم دوو ئایەتە لەدوای خۆر ئاوابوونەوە دەست پێ دەکات، واتا تایبەت نەکراوە بە کاتی خەوتن، لە هەرکاتێکی شەو بیخوێنیتەوە ئاساییە

٢– ئەم فەرموودەیە بەشێوەی تریش هاتووە بۆ نموونە { الْآيَتَانِ مِنْ آخِرِ سُورَةِ الْبَقَرَةِ مَنْ قَرَأَهُمَا فِي لَيْلَةٍ كَفَتَاهُ } مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ، هەمان واتای سەرەوەی هەیە

٣–– زانایان جیاوازن لە واتای كَفَتَاهُ : أي: مِنْ قِيامِ اللَّيْل. وَقيلَ: مِنَ الشَّيْطان. وَقيلَ: مِنَ الآفات : عون المعبود شرح سنن أبي داود

واتا: وتراوە ئەم دوو ئایەتە بەسە بۆی لەبری شەو نوێژ کردن، یان بەسە بۆی لە پاراستنی لە شەیتان، یان بەسە بۆی لە بەڵا و ناڕەحەتییەکان بیپارێزێت، وە قسەی تریش هەیە لەسەر وشەی كَفَتَاهُ

٤– ئەو فەرموودانەی هاتوونە دەربارەی خوێندنەوەی سوڕەتی(الملك و السجدة و الواقعة و قل يا أيها الكافرون) لە شەوان دا هەمووی ضەعیف و لاوازن

٥–– ئەمەش ئەو دوو ئایەتە پیرۆزەی کۆتایی سوڕەتی بەقەرەیە

{ آمَنَ الرَّسُولُ بِمَا أُنزِلَ إِلَيْهِ مِن رَّبِّهِ وَالْمُؤْمِنُونَ ۚ كُلٌّ آمَنَ بِاللَّهِ وَمَلَائِكَتِهِ وَكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ لَا نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِّن رُّسُلِهِ ۚ وَقَالُوا سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا ۖ غُفْرَانَكَ رَبَّنَا وَإِلَيْكَ الْمَصِيرُ ٢٨٥ لَا يُكَلِّفُ اللَّهُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا ۚ لَهَا مَا كَسَبَتْ وَعَلَيْهَا مَا اكْتَسَبَتْ ۗ رَبَّنَا لَا تُؤَاخِذْنَا إِن نَّسِينَا أَوْ أَخْطَأْنَا ۚ رَبَّنَا وَلَا تَحْمِلْ عَلَيْنَا إِصْرًا كَمَا حَمَلْتَهُ عَلَى الَّذِينَ مِن قَبْلِنَا ۚ رَبَّنَا وَلَا تُحَمِّلْنَا مَا لَا طَاقَةَ لَنَا بِهِ ۖ وَاعْفُ عَنَّا وَاغْفِرْ لَنَا وَارْحَمْنَا ۚ أَنتَ مَوْلَانَا فَانصُرْنَا عَلَى الْقَوْمِ الْكَافِرِينَ} { ٢٨٦} سورة البقرة.

فەرموودەی پازدە

زیکر و ویردەکانی پێش خەوتن

قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ

{ اللَّهُمَّ خَلَقْتَ نَفْسِي، وَأَنْتَ تَوَفَّاهَا، لَكَ مَمَاتُهَا وَمَحْيَاهَا، إِنْ أَحْيَيْتَهَا فَاحْفَظْهَا، وَإِنْ أَمَتَّهَا فَاغْفِرْلَهَا، اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ الْعَافِيَةَ } [١٦]

واتای فەرموودەکە: پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرموویەتی { ئەی اللَّه تَعالَى تۆ نەفسی منت دروست کردووە، وە تۆش دەیمرێنی، تەنها بۆ تۆیە ژیان و مردنی - ئەم نەفسە - ئەگەر ژیاندت بیپارێزە، وە ئەگەر مراندت لێی خۆش بە، ئەی اللَّه تَعالَى بێگومان من داوای سەلامەتی و لاشە ساغیت لێ دەکەم }

واتای وشەکان

خَلَقْتَ نَفْسِي : نەفسی منت خەلق کردووە، منت دروست کردووە

وَأَنْتَ تَوَفَّاهَا : وە تۆش دەیمرێنی، وە تۆش ئەم نەفسە دەمرێنی، ئەو هاتە دەگەڕێتەوە بۆ وشەی نَفْس

لَكَ مَمَاتُهَا وَمَحْيَاهَا : بۆتۆیە مردن و ژیانی ئەم نەفسە، مردن و ژیانم تەنها بۆ تۆیە

إِنْ أَحْيَيْتَهَا : ئەگەر ژیاندت، ئەگەر ئەو نەفسەت ژیاند، یان گەر منت ژیاند، ئەو هاتە دەگەڕێتەوە بۆ وشەی نَفْس

[١٦] رواه : مسلم و أحمد و النسائي في الكبرى وابن سني وابن حبان وأبو يعلى

احْفَظْهَا : بیپارێزە، ئەو نەفسە بپارێزە، بم پارێزە

وَإِنْ أَمَتَّهَا : وە ئەگەر مراندت، ئەگەر ئەو نەفسەت مراند، گەر منت مراند، ئەو هائە دەگەڕێتەوە بۆ وشەی نَفْس

فَاغْفِرْ لَهَا : جا لێی خۆشبە، لەو نەفسە خۆشبە، لێم خۆشبە، ئەو هائە دەگەڕێتەوە بۆ وشەی نَفْس

اللَّهُمَّ إِنِّي : ئەی اللَّە بێگومان من

أَسْأَلُكَ الْعَافِيَةَ : داوای سەلامەتی و لاشە ساغیت لێ دەکەم

دەربارەی ئەم فەرموودەیە

١– ئەم زیکرە یەک جار دەکرێت کاتێک دەچیتە سەر جێگای خەوتن پێش ئەوەی بخەوی.

٢– اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ الْعَافِيَةَ : واتا ئەی اللَّە داوای سەلامەتیت لێ دەکەم لە دینم و لە فێڵی شەیتان و لە ئێش و ئازار و نەخۆشییەکانی دونیا.

٣– تەواوی فەرموودەکە بەم شێوەیە

عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عُمَرَ، أَنَّهُ أَمَرَ رَجُلًا إِذَا أَخَذَ مَضْجَعَهُ قَالَ : اللَّهُمَّ خَلَقْتَ نَفْسِي، وَأَنْتَ تَوَفَّاهَا، لَكَ مَمَاتُهَا وَمَحْيَاهَا، إِنْ أَحْيَيْتَهَا فَاحْفَظْهَا، وَإِنْ أَمَتَّهَا فَاغْفِرْ لَهَا، اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ الْعَافِيَةَ، فَقَالَ لَهُ رَجُلٌ : أَسَمِعْتَ هَذَا مِنْ عُمَرَ ؟ فَقَالَ : مِنْ خَيْرٍ مِنْ عُمَرَ، مِنْ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ.

و اتاکەی: لە عبداللَّەی کوڕی عومەرەوە، بێگومان عبد اللَّە فەرمانی بە پیاوێک کرد ئەگەر چووە سەر جێگای خەوتن بڵێ { ئەی اللَّە تۆ گیانی منت دروست کردووە، و تۆش دەیمرێنی، بۆتۆیە ژیان و مردنی ئەم نەفسە، ئەگەر ژیاندت

بیپارێزە، وە ئەگەر مراندت لێ خۆش بە، ئەی اللَّه تَعالَى بێگومان من داوای سەلامەتیت لێ دەکەم، جا پیاوێک بە عبداللَّەی وت ئەو زیکرەت لە عومەر بیستوە؟ عبداللَّەی کوڕی عومەر فەرمووی: لە باشتر لە عومەرم بیستووە لە پێغەمبەرم صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بیستووە.

فەرموودەی شازدە

قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم

{ اللَّهُمَّ قِنِي عَذَابَكَ يَوْمَ تَبْعَثُ عِبَادَكَ }[١٧]

واتای فەرموودەکە: پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرموویەتی { ئەی اللَّه تَعالَى بمپارێزە لەسزای خۆت لەو ڕۆژەی بەندەکانت زیندوو دەکەیتەوە }.

واتای وشەکان

اللَّهُمَّ : ئەی اللَّه

قِنِي : بمپارێزە

عَذَابَكَ : لەسزای خۆت

تَبْعَثُ : زیندوو دەکەیتەوە

عِبَادَكَ : بەندەکانت، عِبَاد جەمع و کۆیە بۆ وشەی عَبْد، عبد واتا بەندە

دەربارەی ئەم فەرموودەیە

١ – تەواوی فەرموودەکە بەم شێوەیە

عَنْ حَفْصَةَ زَوْجِ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ، أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كَانَ إِذَا أَرَادَ أَنْ يَرْقُدَ وَضَعَ يَدَهُ الْيُمْنَى تَحْتَ خَدِّهِ، ثُمَّ يَقُولُ { اللَّهُمَّ قِنِي عَذَابَكَ يَوْمَ تَبْعَثُ عِبَادَكَ }

واتای تەواوی فەرموودەکە: لە حەفصەی خێزانی پێغەمبەرەوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ، بێگومان پێغەمبەری اللَّه ئەگەر بیویستایە بخەوێت دەستی

[١٧] رواه : الترمذی و أبو داود و ابن ماجه و أحمد و غيرهم

ڕاستەی دادەنا لە ژێر ڕومەتی پاشان دەیفەرموو { ئەی اللَّه تَعالَى بمپارێزە لەسزای خۆت لەو ڕۆژەی بەندەکانت زیندوو دەکەیتەوە }

٢ – ئەم فەرموودەیە لە صەحیحی موسلیم دا بەم شێوەیەی خوارەوە هاتووە

عَنِ الْبَرَاءِ ، قَالَ { كُنَّا إِذَا صَلَّيْنَا خَلْفَ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَحْبَبْنَا أَنْ نَكُونَ عَنْ يَمِينِهِ، يُقْبِلُ عَلَيْنَا بِوَجْهِهِ. قَالَ : فَسَمِعْتُهُ يَقُولُ : رَبِّ قِنِي عَذَابَكَ يَوْمَ تَبْعَثُ، أَوْتَجْمَعُ عِبَادَكَ } رواه مسلم

واتای فەرموودەکە: لە بەڕائەوە فەرموویەتی { ئێمە ئەگەر نوێژمان کردبا لەدوای پێغەمبەرەوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ حەزمان دەکرد لەلای ڕاستەوەی بین، پێغەمبەر ڕووی لە ئێمە دەکرد ، دەیفەرموو: ئەی پەروەردیگارا بمپارێزە لەسزای خۆت لەو ڕۆژەی بەندەکانت زیندوو دەکەیتەوە یا بەندەکانت کۆ دەکەیتەوە }

بەڵام سلیمان بن ناصر العلوان دەڵێت ئەم فەرموودەیەی لە صەحیح موسلیم دا هاتووە ضەعیف و لاوازە و سێ عیللەتی تێدایە و ڕاستتر وایە ئەم زیکرە پێش خەوتن دەکرێت. ئەمەش سێ عیللەت و نەخۆشی فەرموودەکە

العلة الأولى: أن ابن البراء غير معروف

عیللەتی یەکەم: ابن البراء کە لەسەنەدی ئەم فەرموودەیە دا هەیە ناسراو نییە

العلة الثانية: أنه قد تفرد به، وتفرد في هذا الخبر لا يقبل

عیللەتی دووەم: ابن البراء تەفەررود و تاکڕەوەیی تێدا کردووە و تەفەررودیش لەم هەواڵە قەبوڵ ناکرێ

العلة الثالثة: أنه اختلف في هذا الحديث والصواب أن هذا يقال عند النوم

عیللەتی سێیەم: ئەم فەرموودەیە جیاوازی تێدایە، ڕاستتر وایە ئەم وتەیە پێش نوستن دەکرێت.

فەرموودەی حەڤدە

قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ

{ بِاسْمِكَ رَبِّ وَضَعْتُ جَنْبِي وَبِكَ أَرْفَعُهُ، إِنْ أَمْسَكْتَ نَفْسِي فَارْحَمْهَا، وَإِنْ أَرْسَلْتَهَا فَاحْفَظْهَا بِمَا تَحْفَظُ بِهِ عِبَادَكَ الصَّالِحِينَ }[١٨]

و اتای فەرموودەکە: پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرموویەتی {پەروەردیگارا بەناوی تۆ تەنیشتم دانا و بەناوی تۆش بەرزی دەکەمەوە، ئەگەر ڕوحت کێشام ئەوە ڕەحمی پێ بکە، وە ئەگەر ڕوحت گەڕاندمەوە بیپارێزە بەوەی بەندە چاکەکانی خۆتی پێ دەپارێزی }

و اتای وشەکان

بِاسْمِكَ رَبِّ : بەناوی تۆ پەروەردیگارا

وَضَعْتُ جَنْبِي : تەنیشتم دانا، پاڵ کەوتم

وَبِكَ أَرْفَعُهُ : وە بەناوی تۆ بەرزی دەکەمەوە، ئەو هاڵە دەگەڕێتەوە بۆ جَنْب

إِنْ أَمْسَكْتَ نَفْسِي : ئەگەر ماندت نەفسی من، ئەگەر منت ماند، خۆی " أَمْسَكْتَ " بەواتای (گرتت) دێت واتە ئەگەر نەفسی منت گرت، بەڵام لێرەدا مەبەست لێی بریتییە لە ماندت نەک گرتت.

فَارْحَمْهَا : ڕەحمی پێ بکە، بەزەییت پێدابێتەوە، ئەو هاڵە دەگەڕێتەوە بۆ وشەی نَفْس

وَإِنْ أَرْسَلْتَهَا : وە ئەگەر ناردتەوە، وە ئەگەر گەڕاندتەوە، ئەگەر بە ئاگات هێنامەوە لەخەو، ئەو هاڵە دەگەڕێتەوە بۆ وشەی نَفْس

[١٨] رواه: البخاري و مسلم و أبو داود والترمذي و ابن ماجه والدارمي و أحمد

فَاحْفَظْهَا : بیپارێزە، ئەو نەفسە بپارێزە، ئەو هاتە دەگەڕێتەوە بۆ وشەی نَفْس

بِمَا تَحْفَظُ بِهِ : بەوەی دەیپارێزی پێی(أي: من التوفيق والعصمة والأمانة)

عِبَادَكَ الصَّالِحِينَ : بەندە چاکەکانت

تەواوی فەرموودەکە بەم شێوەیەی خوارەوەیە

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ : قَالَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ : إِذَا أَوَى أَحَدُكُمْ إِلَى فِرَاشِهِ، فَلْيَنْفُضْ فِرَاشَهُ بِدَاخِلَةِ إِزَارِهِ ؛ فَإِنَّهُ لَا يَدْرِي مَا خَلَفَهُ عَلَيْهِ، ثُمَّ يَقُولُ {بِاسْمِكَ رَبِّ وَضَعْتُ جَنْبِي وَبِكَ أَرْفَعُهُ، إِنْ أَمْسَكْتَ نَفْسِي فَارْحَمْهَا، وَإِنْ أَرْسَلْتَهَا فَاحْفَظْهَا بِمَا تَحْفَظُ بِهِ عِبَادَكَ الصَّالِحِينَ }.

فەرموودەی هەژدە

قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ

{ اللَّهُمَّ أَسْلَمْتُ نَفْسِي إِلَيْكَ، وَوَجَّهْتُ وَجْهِي إِلَيْكَ، وَفَوَّضْتُ أَمْرِي إِلَيْكَ، وَأَلْجَأْتُ ظَهْرِي إِلَيْكَ، رَغْبَةً وَرَهْبَةً إِلَيْكَ، لَا مَلْجَأَ وَلَا مَنْجَى مِنْكَ إِلَّا إِلَيْكَ، آمَنْتُ بِكِتَابِكَ الَّذِي أَنْزَلْتَ، وَبِنَبِيِّكَ الَّذِي أَرْسَلْتَ }[١٩]

و اتای فەرموودەکە: پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرموویەتی { ئەی اللَّه خۆم تەسلیم و ملکەچی تۆ کرد، وە ڕووم ئاڕاستەی تۆ کرد، وە ئیش و کارم سپاردەی تۆ کرد، وە پشتم بەست بەتۆ، بە ئومێد و ترس لەتۆ، وە هیچ پەناگەیەک و هیچ ڕزگاربوونێک نییە لەتۆ مەگەر بۆ لای تۆ، بڕوام هێناوە بەم کتابەی داتبەزاندووە و بڕوام هێناوە بەم پێغەمبەرەی ناردووتە }

و اتای وشەکان

اللَّهُمَّ : ئەی اللَّه

أَسْلَمْتُ نَفْسِي : نەفسم تەسلیم کرد، خۆم ملکەچ کرد، خۆم تەسلیم کرد، مەبەست لە نەفس بریتییە لە خوود.

إِلَيْكَ : بۆتۆ

وَوَجَّهْتُ : وە ئاڕاستەم کرد، وە ڕووم کرد

وَجْهِي : ڕووی خۆم، مەبەستم، المراد بالوجْهِ القَصْدُ

فَوَّضْتُ أَمْرِي إِلَيْكَ : کار و بارم گەڕاندەوە بۆ لای تۆ، کارو بارم سپاردەی تۆ کرد،أي: توكلت عليك في أمري كله پشتم بەست بە تۆ لە هەموو کار و بارەکانم

[١٩] رواه: البخاري و مسلم والترمذي وأبو داود و ابن ماجه و النسائي و أحمد و الدارمي وغيرهم

وَأَلْجَأْتُ ظَهْرِي إِلَيْكَ : پشتم بەست بەتۆ - لەکارەکانم- أي اعتمدت في أموري عليك ئيعتيمادم لەسەر تۆ کرد لە کاروبارم

رَغْبَةً وَرَهْبَةً إِلَيْكَ : بە ئومێد و ترس لەتۆ ، بە مەبەست و ڕەغبەتی بەخشین و پاداشتت، وە لە ترسی سزا و تووڕەبوونت

لَا مَلْجَأَ : پەناگە نییە

وَلَا مَنْجَى : نەجات و ڕزگاربوون نییە

مِنْكَ : لە تۆ

إِلَّا إِلَيْكَ : ئیللا بۆلای تۆ، مەگەر بۆلای تۆ

آمَنْتُ بِكِتَابِكَ الَّذِي : بڕوام هێناوە بەو کتابەی (بە قورئان)، بەڕاستم دانا ئەو کتابەی

أَنْزَلْتَ : داتبەزاندووە، ناردووتتە خوارەوە

وَبِنَبِيِّكَ الَّذِي : وە بەو پێغەمبەرەی، وە بڕوام هێناوە بەم پێغەمبەرەی، وە بەڕاستم داناوە ئەو پێغەمبەرەی

أَرْسَلْتَ : ڕەوانت کردووە، ناردووتە

تەواوی فەرموودەکە بەم شێوەیە

عَنِ الْبَرَاءِ بْنِ عَازِبٍ قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ { يَا فُلَانُ، إِذَا أَوَيْتَ إِلَى فِرَاشِكَ فَقُلِ : اللَّهُمَّ أَسْلَمْتُ نَفْسِي إِلَيْكَ، وَوَجَّهْتُ وَجْهِي إِلَيْكَ، وَفَوَّضْتُ أَمْرِي إِلَيْكَ، وَأَلْجَأْتُ ظَهْرِي إِلَيْكَ، رَغْبَةً وَرَهْبَةً إِلَيْكَ، لَا مَلْجَأَ وَلَا مَنْجَى مِنْكَ إِلَّا إِلَيْكَ، آمَنْتُ بِكِتَابِكَ الَّذِي أَنْزَلْتَ، وَبِنَبِيِّكَ الَّذِي أَرْسَلْتَ. فَإِنَّكَ إِنْ مُتَّ فِي لَيْلَتِكَ، مُتَّ عَلَى الْفِطْرَةِ، وَإِنْ أَصْبَحْتَ أَصَبْتَ أَجْرًا }.

فەرموودەی نۆزدە

عَنْ عَلِيِّ بْنِ أَبِي طَالِبٍ ، أَنَّ فَاطِمَةَ، عَلَيْهَا السَّلَامُ أَتَتِ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ تَسْأَلُهُ خَادِمًا، فَقَالَ :

{ أَلَا أُخْبِرُكِ مَا هُوَ خَيْرٌ لَكِ مِنْهُ ؟ تُسَبِّحِينَ اللَّهَ عِنْدَ مَنَامِكِ ثَلَاثًا وَثَلَاثِينَ، وَتَحْمَدِينَ اللَّهَ ثَلَاثًا وَثَلَاثِينَ، وَتُكَبِّرِينَ اللَّهَ أَرْبَعًا وَثَلَاثِينَ }[٢٠]

واتای فەرموودەکە: لە عەلی کوڕی ئەبوتالیبەوە، بێگومان فاتیمە عَلَيْهَا السَّلَامُ هاتە لای پێغەمبەر ﷺ داوای خزمەتکارێکی لێ کرد، جا پێغەمبەر ﷺ فەرمووی { ئایا هەواڵت دەمێ بە شتێک کە ئەو شتە باشتربێت بۆ تۆ لە خزمەتکارێک ؟ سُبْحَانَ اللهِ بکە لە کاتی نوستنت ٣٣ جار، الْحَمْدُ لِلهِ بکە ٣٣ جار، اللهُ أَكْبَر بکە ٣٤ جار }

واتای وشەکان

أَتَتِ : هات، فاتیمە هات

تَسْأَلُهُ : داوای لێ کرد، داوای لە پێغەمبەر ﷺ کرد

خَادِمًا : خزمەتکارێک

فَقَالَ : جا پێغەمبەر ﷺ فەرمووی

أَلَا أُخْبِرُكِ : ئایا هەواڵت دەمێ

مَا : بە شتێک

هُوَ : ئەو شتە

[٢٠] رواه: البخاري واللفظ له ومسلم وأبوداود والترمذي والدارمي وأحمد

خَيْرٌ : باشتر بێت

لَكِ : بۆت

مِنْهُ ؟ : لە خزمەتکار؟ ئەو هاتە بۆ خَادِمًا دەگەڕێتەوە

تُسَبِّحِينَ اللَّهَ : سُبْحَانَ اللهِ بکە

عِنْدَ مَنَامِكِ : لەکاتی نوستنت

ثَلَاثًا وَثَلَاثِينَ : سی و سێ -جار-

وَتَحْمَدِينَ اللَّهَ : الْحَمْدُ لِلهِ بکە

وَتُكَبِّرِينَ اللَّهَ : اللهُ أَكْبَر بکە

أَرْبَعًا وَثَلَاثِينَ : سی و چوار -جار-

دەربارەی ئەم فەرموودەیە

١- دوای ئەوەی پێشەوا عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ ئەم فەرموودەیەی گێڕایەوە فەرووی { مَا تَرَكْتُهُ مُنْذُ سَمِعْتُهُ مِنَ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ. قِيلَ لَهُ : وَلَا لَيْلَةَ صِفِّينَ ؟ قَالَ : وَلَا لَيْلَةَ صِفِّينَ }

واتاکەی: هەرگیز وازم لێ نەهێناوە (لە سُبْحَانَ اللهِ و الْحَمْدُ لِلهِ و اللهُ أَكْبَر لە کاتی نوستن) لەوکاتەوەی گوێم لە پێغەمبەر ﷺ بووە، پێی وترا : هەتا لە شەوی صفینیش ؟ فەرووی هەتا لە شەوی صفینیش }

شەڕی صەفین لە نێوان پێشەوا عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب و پێشەوا موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیان ڕووی دا، اللهُ تعالى لێیان ڕازی بێت

٢- ئەم فەرموودەیە بە ڕیوایەتی تریش هاتووە.

فەرموودەی بیست

زیکری پێش خەوتن و لەخەو هەستان

عَنْ حُذَيْفَةَ قَالَ : كَانَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ إِذَا أَرَادَ أَنْ يَنَامَ قَالَ : {بِاسْمِكَ اللَّهُمَّ أَمُوتُ وَأَحْيَا " وَإِذَا اسْتَيْقَظَ مِنْ مَنَامِهِ قَالَ : الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي أَحْيَانَا بَعْدَمَا أَمَاتَنَا، وَإِلَيْهِ النُّشُورُ}[٢١]

واتای فەرموودەکە: لە حوذەیفەوە فەرموویەتی: پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ئەگەر بیویستایە بخەوێت دەیفەرموو { ئەی اللَّه بەناوی تۆوە دەمرم و دەژیم، وە ئەگەر بە ئاگا بهاتایەوە لە خەوەکەی دەیفەرموو : سوپاس و ستایش بۆ ئەو اللَّهیەی زیندووی کردینەوە دوای ئەوەی مراندبووینی، وە هەر بۆ لای ئەویش زیندوو دەکرێینەوە لە ڕۆژی قیامەت }

واتای وشەکان

إِذَا أَرَادَ : ئەگەر بیویستایە، خۆی أَرَادَ فیعلی ماضیە و بەواتای ویستی دێت

أَنْ يَنَامَ : بخەوێت

بِاسْمِكَ : بەناوی تۆ

اللَّهُمَّ : ئەی اللَّه

أَمُوتُ : دەمرم

وَأَحْيَا : وە دەژیم

وَإِذَا : وە ئەگەر

[٢١] رواه: البخاري و أبو داود و الترمذي و ابن ماجه و أحمد و الدارمي و غيرهم

اسْتَيْقَظَ : بەئاگاهاتبوایە، بەخەبەر بهاتایە، خۆی اسْتَيْقَظَ فعلی ماضیە و بەواتای بەئاگا هات دێت

مِنْ مَنَامِهِ : لە خەوەکەی

الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي : هەموو سوپاس و ستایشێک بۆ ئەو اللَّه یەی

أَحْيَانَا : زیندووی کردینەوە

بَعْدَمَا : دوای ئەوەی

أَمَاتَنَا : مراندینی، خەواندینی، ئێمەی مراند ، ئێمەی خەواند

وَإِلَيْهِ النُّشُورُ : وە بۆلای ئەوە زیندووبوونەوە لە ڕۆژی قیامەت دا، وە بۆلای اللَّه یە زیندووبوونەوە لەدوای مردن دا

دەربارەی ئەم فەرموودەیە

گەر ویستت بخەویت دەڵێی { بِاسْمِكَ اللَّهُمَّ أَمُوتُ وَأَحْيَا }

گەر بەخەبەر هاتی دەڵێی {الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي أَحْيَانَا بَعْدَمَا أَمَاتَنَا، وَإِلَيْهِ النُّشُورُ}

چەندین فەرموودەی تری صەحیح هاتووە لەسەر زیکری پێش خەوتن وەکوو خوێندنی سێ سورەتەکەی کۆتایی و زۆری تریش

بە نسبەت خوێندنی ئایەتی کورسی کە بوخاری باسی کردووە لە صەحیحەکەی دا بە موعەلەق، بۆیە جیاوازی زانایانی لەسەرە دەربارەی صەحیحی و لاوازییەکەی

بەڵام فەرموودەی خوێندنی سورەتی (قُلْ يَا أَيُّهَا الْكَافِرُونَ) لە پێش نوستن فەرموودەیەکی لاوازە

ئيمام الترمذي و ابن عبدالبر والمزي وسليمان بن ناصر العلوان و مصطفى العدوي و أبو علي الحارث الحسني و زۆری تریش بەضەعیف و لاوازیان داناوە

قال المنذري {وأخرجه الترمذي والنسائي مرسلا وذكر الترمذي والنسائي طرفا من الاختلاف فيه، وقال الترمذي: وقد اضطرب أصحاب أبي إسحاق في هذا الحديث } عون المعبود شرح سنن أبي داود.

فەرموودەی بیست و یەک

چ دەوترێت لە کاتی چوونە ئاو دەست

عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ قَالَ : كَانَ النَّبِيُّ ﷺ إِذَا دَخَلَ الْخَلَاءَ قَالَ: { اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنَ الْخُبُثِ وَالْخَبَائِثِ }.[٢٢]

واتای فەرموودەکە: لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە اللە لێی ڕازی بێت فەرموویەتی { پێغەمبەر ﷺ ئەگەر ویستبای بچێتە ئاو دەست دەیفەرموو {ئەی اللَّه تعالى من خۆم دەپارێزم بەتۆ لە شەیاتینە نێرینەکان و لە شەیاتینە مێیینەکان }

واتای وشەکان

اللَّهُمَّ : یا اللە، ئەی اللە تعالى

إِنِّي : بێگومان من

أَعُوذُ : خۆم دەپارێزم، پەنا دەگرم

بِكَ : بە تۆ

مِنَ الْخُبُثِ : لە شەیاتینە نێرینە پیسەکان

وَالْخَبَائِثِ : وە لە شەیاتینە مێیینە پیسەکان

[٢٢] رواه: البخاري ومسلم وأبو داود والنسائي والترمذي وابن ماجه وأحمد والدارمي وغيرهم

دەربارەی ئەم فەرموودەیە

جگە لەم فەرموودەیە هەموو فەرموودەکانی تر لاوازن دەربارەی چوونە ئاو دەست و هاتنەدەر لە ئاو دەست، وەک ئەم فەرموودانەی خوارەوە

یەکەم: وتنی بسم اللە لە کاتی چوونە ئاو دەست

(سَتْرُمَا بَيْنَ أَعْيُنِ الْجِنِّ وَعَوْرَاتِ بَنِي آدَمَ، إِذَا دَخَلَ أَحَدُهُمُ الْخَلَاءَ أَنْ يَقُولَ: بِاسْمِ اللَّهِ) رواه الترمذي واللفظ له، و ابن ماجة، والبيهقي

و اتاکەی // پەردەی نێوان چاوی جنەکان و شەرمگەی نەوەی ئادەم ئەوەیە ئەگەر یەکێک لەنەوەی ئادەم چووە ئاودەست بڵێت [بسم اللە]

پێشەوا أبو حاتم الرازي و البخاري و أبو زرعة الرازي والترمذي وابن وارة والنسائي والبيهقي و ابن حجر و عبدالله بن عبدالرحمن السعد و سليمان بن ناصر العلوان و عبد العزيز الطريفي و أبو علي الحارث الحسني و مصطفى العدوي و کۆمەڵێکی تر بە ضەعیف و لاوازیان دانەوە

١- قَالَ التِّرْمِذِيُّ (هٰذا حَدِيثٌ غَرِيبٌ، لَا نَعْرِفُهُ إِلَّا مِنْ هٰذا الوَجْهِ، وَإِسْنادُهُ لَيْسَ بِذاكَ القَوِي)

٢- قَالَ ابْنُ حَجَرٍ فِي نَتَائِجِ الأَفْكارِ (لَمْ يَثْبُتْ فِي البابِ شَيْءٌ)

٣- قَالَ سُلَيْمانُ ابْنُ ناصِرِ العُلْوان (لَا يَصِحُّ حَدِيثٌ عَنْ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ فِي [الأَمْرِ بِالتَّسْمِيةِ] قَبْلَ دُخُولِ الخَلاءِ)

٤- قَالَ عَبْدُ اللَّهِ بْنُ عَبْدِ الرَّحْمَنِ السَّعْد (كُلُّ طُرُقِهِ ضَعِيفَةٌ)

دووەم: وتنی { الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي أَذْهَبَ عَنِّي الْأَذَى وَعَافَانِي } رَوَاهُ ابْنُ مَاجَهْ

و اتاکەی { سوپاس و ستایش بۆ ئەو اللە یەی کە ئەزیەت و ئازاری لەمن لادا و سەلامەتی کردم }

پێشەوا يحيى بن سعيد القطان و ابن معين و أحمد بن حنبل و البخاري و الترمذي و عبد الله بن عبد الرحمن السعد و خالد الحايک و سليمان بن ناصر العلوان و عبد العزيز الطريفي و أبو علي الحارث الحسني و مصطفى العدوي و چەندانی تر بە ضەعیف و لاوازیان داناوە

لە سەنەدی ئەم حەدیثەدا { إِسْمَاعِيلُ بْنُ مُسْلِم }ی تێدایە زانایان یەکدەنگن لەسەر لاوازی فەرموودەکانی

سێیەم: وتنی { غُفْرانَكَ } رواه الترمذي و أبو داود وابن ماجه وغيرهم

و اتاکەی: داوای لێخۆشبوونت لێدەکەم ئەی اللَّهُ تَعَالَى

ئەم فەرموودەیەش(غفرانك) قسەی لەسەرە، ابن جوزي و سليمان بن ناصر العلوان و أبو علي الحارث الحسني و مصطفى العدوي و زۆری تریش بەلاوازیان داناوە، وە ابن حبان و ابن خزيمة و الحاكم بە صەحیحیان داناوە بەڵام هەرسێکیان مەشهورن بەوەی موتەساهیل بوونە لە بە صەحیح دانانی فەرموودەکان دا

قَالَ التِّرْمِذِيُّ { هَذَا حَدِيثٌ حَسَنٌ غَرِيبٌ، لَا نَعْرِفُهُ إِلَّا مِنْ حَدِيثِ إِسْرَائِيلَ عَنْ يُوسُفَ بْنِ أَبِي بُرْدَةَ. وَأَبُو بُرْدَةَ بْنُ أَبِي مُوسَى اسْمُهُ عَامِرُ بْنُ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ قَيْسٍ الْأَشْعَرِيُّ، وَلَا يُعْرَفُ فِي هَذَا الْبَابِ إِلَّا حَدِيثُ عَائِشَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا عَنِ النَّبِيِّ ﷺ} سنن الترمذي

ابن الجوزي لە کتابی { العلل المتناهية } بە لاوازی داناوە

قال سليمان بن ناصر العلوان { هذا الخبر معلول بعلتين، العلة الأولى: جهالة يوسف ابن أبي بردة فإنه لم يوثقه أحد من الأئمة المعتبرين في التوثيف، والعلة الثانية: أن تفرد يوسف بن أبي بُردة بهذا الخبر لا يحتمل فإن هذا الحديث أصل في الباب }

با درێژتری نەکەمەوە سلیمان بن ناصر العلوان دەڵێت هیچ فەرموودەیەکی صەحیح نەهاتووە لە پێغەمبەرەوە ﷺ لەوکاتەی کە دەرچووە لە ئاودەست شتێکی وتبێت، بەڵام هەر کەسێک ئەم زیکرەی کرد ئەوە ئاساییە.

وە هەروەها هیچ فەرموودەیەک نەهاتووە لەسەر ئەوەی بە پێی چەپە بچێتە ئاودەست و بەپێی ڕاست بێیتە دەر.

فەرموودەی بیست و دوو

زیکری دوای دەست نوێژ هەڵگرتن

قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ

{ مَنْ تَوَضَّأَ فَأَحْسَنَ الْوُضُوءَ، ثُمَّ قَالَ : أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ. فُتِّحَتْ لَهُ ثَمَانِيَةُ أَبْوَابِ الْجَنَّةِ، يَدْخُلُ مِنْ أَيِّهَا شَاءَ }[٢٣]

واتای فەرموودەکە: پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرموویەتی {هەر کەسێک دەستنوێژی هەڵگرت بە چاکترین دەست نوێژ، پاشان وتی: أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ. هەر هەشت دەرگای بەهەشتی بۆ دەکرێتەوە، لەهەر یەک لەم هەشت دەرگایە بیەوێ دەچێتە ناوییەوە }

واتای وشەکان

مَنْ تَوَضَّأَ : هەرکەسێک دەست نوێژی هەڵگرت

أَحْسَنَ الْوُضُوءَ : چاکترین دەست نوێژ، جوانترین دەست نوێژ

ثُمَّ قَالَ : پاشان وتی

أَشْهَدُ : شایەدی دەدەم، دان دەنێم

أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ : هیچ پەرستراوێک نییە بەحەق جگە لە اللَّه نەبێ

وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا : وە شایەدی دەدەم بێگومان محمد ﷺ

عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ : بەندەو نێردراوی اللَّەیە

---

[٢٣] رواه: مسلم و أبو داود و النسائي و اللفظ له وابن ماجه و الدارمي و أحمد

فُتِّحَتْ لَهُ : بۆی دەکرێتەوە، ئەو هاتە دەگەڕێتەوە بۆ وشەی مَنْ

ثَمَانِيَةُ أَبْوَابِ الْجَنَّةِ : هەشت دەرگایەکەی بەهەشت

يَدْخُلُ مِنْ أَيِّهَا شَاءَ : دەچێتە ناوییەوە لەهەر کامێکیان بییەوێ

أَيِّهَا : ئەو هاتە دەگەڕێتەوە بۆ أَبْوَابِ الْجَنَّةِ

شَاءَ : ویستی

دەربارەی ئەم فەرموودەیە

تەنها ئەم فەرموودەیە بە صەحیحی هاتووە لە پێغەمبەرەوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەربارەی زیکری دوای دەستنوێژ، ئەگەرچی ئەم فەرموودەیەش هەندێک لە زانایان بە لاوازیان داناوە وەکوو پێشەوا الترمذي کە دەفەرموێت لا يصح فی الباب شيء

ئەم فەرموودانەی خوارەوە لاوازن دەربارەی زیکری پێش دەست نوێژ و زیکری دوای دەستنوێژ

١ــــ { لَا صَلَاةَ لِمَنْ لَا وُضُوءَ لَهُ، وَلَا وُضُوءَ لِمَنْ لَمْ يَذْكُرِ اسْمَ اللَّهِ تَعَالَى عَلَيْهِ } رواه أحمد و أبو داود وابن ماجة

و اتاکەی { نوێژ دروست نییە بۆ کەسێک دەست نوێژی نەبێت، وە دەست نوێژ دروست نییە بۆ کەسێک (بسم الله) ی نەکردبێت لە دەست نوێژەکەیدا}

ئیمام أحمد و البخاري و العقيلي و ابن المنذر و البزار و ابن الجوزي و عبدالله السعد و سليمان بن ناصر العلوان و عبد العزيز الطريفي و أبو علي الحارث الحسني و کۆمەڵێکی تریش بە لاوازیان داناوە

٢ــ { تَوَضَّؤُوا بِاسْمِ اللَّهِ } رواهُ أحمد و النسائي

واتاکەی { دەست نوێژ هەڵگرن بەناوی اللّٰه }

ئەم فەرموودەیان بەلاواز داناوە ئەم زانایانە ئیمام أحمد و البخاري و العقيلي و الدارقطني و ابن المنذر و البزار و خالد الحايك و عبدالله السعد و سليمان بن ناصر العلوان و عبدالعزيز الطريفي و کۆمەڵێکی تر

قَالَ الإِمَامُ أَحْمَدُ بْنُ حَنْبَلٍ رَحِمَهُ اللَّهُ { لَا أَعْلَمُ فِيهِ حَدِيثاً لَهُ إِسْنَادٌ جَيِّدٌ }

قَالَ سُليمانُ بْنُ نَاصرِ العلوانُ { لا يَثْبُتُ فِيهِ شَيْء }

قَالَ الشَّيْخُ عَبْدُ اللَّهِ السَّعْد { وَلا يَصِحُّ شَيْء فِي الباب }

قَالَ عَبْدُ العَزيز الطريفي { وَلا يَصِحُّ في هَذا البابِ شيء }

٣ــــ { اللَّهُمَّ اجْعَلْنِي مِنَ التَّوَّابِينَ، وَاجْعَلْنِي مِنَ الْمُتَطَهِّرِينَ } رواهُ التِّرْمِذي

واتاکەی { ئەی اللَّهُ تَعَالَى بمگێڕە لە تەوبەکاران، وە بمگێڕە لە پاك و خاوێن ڕاگرەکان}

ئەم فەرموودەیان بەلاواز داناوە ئەم زانایانە ئیمام أحمد و البخاري و الترمذي و سليمان بن ناصر العلوان و خالد الحايك و عبد العزيز الطريفي و عبدالله بن عبد الرحمن السعد و أبو علي الحارث الحسني و زۆرێکی تر

پچڕان هەیە لە سەنەدی ئەم فەرموودەیەدا لە نێوان أَبُو إِدْرِيسِ الْخَوْلَانِيّ و پێشەوا عومەری کوڕی خەتاب، وَأَبُو عُثْمَان یش نەناسراوە

٤ــ { سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ أَشْهَدُ أَنْ لا إِلَه إِلَّا أنتَ أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ } رواه النسائي

واتاکەی { پاکی و بێگەردی و سوپاس و ستایش بۆ تۆ ئەی اللَّه تَعَالَى، شایەدی دەدەم هیچ پەرستراوێکی ڕاستەقینە نییە جگە لە تۆ داوای لێبوردنت لێ دەکەم و دەگەڕێمەوە بۆ لای تۆ }

ئەم فەرموودەیە مەوقوفە لەسەر هاوەڵی خۆشەویست أَبُو سَعيدٍ الخُدْرِي هەروەک پێشەوا النسائي و أبو علي الحارث الحسني و سليمان بن ناصر العلوان و عبد العزيز الطريفي و کۆمەڵێکی تریش باسیان کردووە، بەڵام دروستە کار پێکردنی و کارێکی چاکە، والله أعلم بالصواب.

فەرموودەی بیست و سێ

چ دەوترێت لەوکاتەی بانگدەر بانگ دەدات

قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ

{ مَنْ قَالَ حِينَ يَسْمَعُ الْمُؤَذِّنَ : أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ، وَأَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ، رَضِيتُ بِاللَّهِ رَبًّا، وَبِمُحَمَّدٍ رَسُولًا، وَبِالْإِسْلَامِ دِينًا، غُفِرَ لَهُ ذَنْبُهُ }[٢٤]

و اتای فەرموودەکە: پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرموویەتی { هەر کەسێک لەوکاتەی گوێی لە دەنگی بانگدەر دەبێت وتی: أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ، وَأَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ، ڕازیم اللَّه پەروەردیگارم بێ و موحەممەد ﷺ پێغەمبەرم بێ و ئیسلام دینم بێت، لە گوناح و تاوانی دەبوردرێ– اللَّه لە گوناهەکانی خۆش دەبێت – }

و اتای وشەکان

مَنْ قَالَ : هەرکەسێک وتی

حِينَ : لەوکاتەی

يَسْمَعُ : دەبیستێ، گوێی لێ دەبێت

رَضِيتُ بِاللَّهِ رَبًّا : ڕازیم بە اللَّه پەروەردیگارم بێت

وَبِمُحَمَّدٍ رَسُولًا : وە موحەممەد نێردراو و پێغەمبەرم بێت

---

[٢٤] رواه: مسلم و أبو داود والترمذي والنسائي وابن ماجه وأحمد وابن أبي شيبة و ابن خزيمة و ابن حبان وغيرهم

وَبِالْإِسْلَامِ دِينًا : وە ئیسلام دینم بێت

غُفِرَلَهُ ذَنْبُهُ : دەبوردرێ لە گوناح و تاوانی

غُفِرَ : دەبوردرێ، خۆی غُفِرَ فیعلی ماضیە بەواتای لێبوردرا دێت

لَهُ : بۆی، لەو کەسە، ئەو هاتە دەگەڕێتەوە بۆ وشەی مَنْ

ذَنْبُهُ : تاوانی، تاوانی ئەو کەسەی، ئەو هاتە دەگەڕێتەوە بۆ وشەی مَنْ

دەربارەی ئەم فەرموودەیە

پرسیار / لە چ کاتێک دەڵێی أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ، وَأَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ، رَضِيتُ بِاللَّهِ رَبًّا، وَبِمُحَمَّدٍ رَسُولًا، وَبِالْإِسْلَامِ دِينًا ؟

وەڵام/ زانایان جیاوازن لەم بارەیەوە

هەندێک دەفەرموون: هەر لەوکاتەی گوێت لە بانگ دەبێت ئەم زیکرە دەڵێی، ئەمەیان ظاهیری فەرمودەکەیە

هەندێک دەفەرموون: لەو کاتەی بانگدەر دەڵێت أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدا رَسُولُ اللهِ، ئەو کاتی ئەم زیکرەی دەکەی

هەندێک دەفەرموون: لەوکاتەی بانگدەر لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّه ی کۆتایی دەڵێت، ئەوکاتی ئەو زیکرەی دەکەی، ئەمەیان دووەم لە صەواب

بانگدەر چی وت دەبێت ئێمەش وا بڵێینەوە، هەروەک پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی {إِذَا سَمِعْتُمُ النِّدَاءَ فَقُولُوا مِثْلَ مَا يَقُولُ الْمُؤَذِّنُ } متفق علیه

و اتاکەی { ئەگەر گوێتان لە بانگ بوو، بڵێن وەکوو ئەوەی بانگ دەر دەیڵێت}

نمونە (ئەگەر وتی الله أكبر الله أكبر ئێوەش بڵێن الله أكبر الله أكبر ..... هتد، جگە لە حي على الصلاة و حي على الفلاح لەم دووەیان دەڵێیت لا حول ولا قوة الا بالله)

لەو کاتەی بانگدەر تەواو دەبێت ئەم دوعایەی هاتووە ئەنجام بدرێ { اللَّهُمَّ رَبَّ هَذِهِ الدَّعْوَةِ التَّامَّةِ، وَالصَّلَاةِ الْقَائِمَةِ، آتِ مُحَمَّدًا الْوَسِيلَةَ وَالْفَضِيلَةَ، وَابْعَثْهُ مَقَامًا مَحْمُودًا الَّذِي وَعَدْتَهُ } رواه البخاري و أبو داود والترمذي وغيرهم، هەندێک لە زانایان ئەم فەرموودەیان بە لاواز داناوە وەکو أبو حاتم الرازي و هی تریش

قَالَ التِّرْمِذِيُّ { حَدِيثُ جَابِرٍ حَدِيثٌ حَسَنٌ غَرِيبٌ مِنْ حَدِيثِ مُحَمَّدِ بْنِ الْمُنْكَدِرِ لَا نَعْلَمُ أَحَدًا رَوَاهُ غَيْرَ شُعَيْبِ بْنِ أَبِي حَمْزَةَ } سنن الترمذي

بەڵام دوعای وەسیلە لە صەحیح مسلم دا هاتووە بە صەحیحی

قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ { إِذَا سَمِعْتُمُ الْمُؤَذِّنَ فَقُولُوا مِثْلَ مَا يَقُولُ، ثُمَّ صَلُّوا عَلَيَّ، فَإِنَّهُ مَنْ صَلَّى عَلَيَّ صَلَاةً صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ بِهَا عَشْرًا، ثُمَّ سَلُوا اللَّهَ لِي الْوَسِيلَةَ ، فَإِنَّهَا مَنْزِلَةٌ فِي الْجَنَّةِ لَا تَنْبَغِي إِلَّا لِعَبْدٍ مِنْ عِبَادِ اللَّهِ، وَأَرْجُو أَنْ أَكُونَ أَنَا هُوَ، فَمَنْ سَأَلَ لِي الْوَسِيلَةَ حَلَّتْ لَهُ الشَّفَاعَةُ } رواه مسلم وأحمد وغيرهما

واتاکەی: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی { ئەگەر گوێتان لە بانگ بێژبوو ئەوە بانگەکە بڵێنەوە وەکوو ئەوەی بانگ بێژ دەیڵێت، پاشان صەڵەواتم لەسەر لێ دەن چونکە هەرکەسێک یەک صەڵەواتم لەسەر لێ دات اللە دە صەڵەواتی لەسەر لێ دەدات، پاشان داوای وەسیلەم بۆ بکەن لە اللە چونکە وەسیلە پلەیەکە لە بەهەشت تەنها بە یەک بەندە لە بەندەکانی اللە دەدرێت، وە ئومێدم وایە ئەو کەسە من بم، جا هەر کەسێک داوای وەسیلەی بۆ کردم ئەوە شەفاعەتی منی بۆ دەبێت }

کەواتە لەو کاتەی بانگ بێژ لێ دەبێتەوە لە بانگەکەی سوننەتە صەڵەوات بدەیت لەسەر پێغەمبەر ﷺ پاشان داوای وەسیلەی بۆ بکەی لە اللە.

فەرموودەی بیست و چوار

زیکری چوون بۆ مزگەوت و دەرچوون لێی

قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ

{ إِذَا دَخَلَ أَحَدُكُمُ الْمَسْجِدَ فَلْيَقُلِ : اللَّهُمَّ افْتَحْ لِي أَبْوَابَ رَحْمَتِكَ، وَإِذَا خَرَجَ فَلْيَقُلِ : اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ مِنْ فَضْلِكَ }[٢٥]

و اتای فەرموودەکە: پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرموویەتی { ئەگەر یەکێک لە ئێوە چووە مزگەوت با بڵێ: ئەی اللە دەرگاکانی ڕەحمەتی خۆتم بۆ بکەوە، وە ئەگەر دەرچوو با بڵێ: ئەی اللە بێگومان من داوای فەزڵ و چاکەت لێ دەکەم }

و اتای وشەکان

إِذَا دَخَلَ أَحَدُكُمُ الْمَسْجِدَ : ئەگەر یەکێک لە ئێوە داخیلی مزگەوت بوو، گەر یەک لە ئێوە چووە ناو مزگەوت

فَلْيَقُلِ : با بڵێ

اللَّهُمَّ افْتَحْ لِي : ئەی اللَّە بیکەرەوە بۆم، بۆمی بکەوە

أَبْوَابَ رَحْمَتِكَ : دەرگاکانی ڕەحمەت و میهرەبانیت، أبواب جەمع و کۆیە بۆ وشەی باب

وَإِذَا خَرَجَ : وە ئەگەر دەرچوو (لە مزگەوت)

فَلْيَقُلِ : با بڵێ

اللَّهُمَّ إِنِّي : ئەی اللَّە بێگومان من

[٢٥] رواه: مسلم و أبو داود و النسائي وابن ماجه و الدارمي و أحمد

أَسْأَلُكَ مِنْ فَضْلِكَ : داواى فەزڵ و چاكەى تۆ دەكەم، داواى فەزڵ و چاكەت لێ دەكەم

دەربارەى چوونە مزگەوت چەند شتێک باس كراوە

١- چوون بۆ مزگەوت بە پێى ڕاستە و هاتنە دەرەوە بە پێى چەپە (هیچ فەرموودەیەکى صەحیحى لەسەر نەهاتووە لە پێغەمبەرەوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) چ بۆ چوونە مزگەوت چ بۆ چوونە توالێت، بەڵام زانایان دەفەرموون واچاکە بۆ شوێنى باش پێى ڕاستە پێش بخەیت و بۆ شوێنى خراپ پێى چەپە پێش بخەیت.

٢- بسم الله كردن بۆ چوونە مزگەوتەوە (هیچ فەرموودەیەکى صەحیح نەهاتووە لە پێغەمبەرەوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەربارەى ئەم بابەتە)

٣- سەڵەوات لێدان لەکاتى چوونە مزگەوتەوە (هیچ فەرموودەیەکى صەحیح نەهاتووە لە پێغەمبەرەوە صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەربارەى ئەم بابەتە)

٤- دوعاى ڕۆیشتن بۆ مزگەوت { اللَّهُمَّ اجْعَلْ فِي قَلْبِي نُورًا، وَفِي لِسَانِي نُورًا، وَاجْعَلْ فِي سَمْعِي نُورًا، وَاجْعَلْ فِي بَصَرِي نُورًا، وَاجْعَلْ مِنْ خَلْفِي نُورًا، وَمِنْ أَمَامِي نُورًا، وَاجْعَلْ مِنْ فَوْقِي نُورًا، وَمِنْ تَحْتِي نُورًا، اللَّهُمَّ أَعْطِنِي نُورًا } رواه مسلم

و اتاكەى { ئەى اللە ڕوناکى لە دڵما بەرپا بکە، وە لە زمان و بیستن و بینین و پشتەوە و لە پێشەوە و لە سەرەوە و لە خوارەوە نوور و ڕووناکى بگێڕەو بەرپا بکە، ئەى اللە نور و ڕووناکیم پێ ببەخشە }

ئەم فەرموودەیە ضەعیف و لاوازە هەر وەک پێشەوا الدارقطني و عبدالعزيز الطريفي و هەندێک لە زانایانى تر باسیان کردووە، بەڵکوو ئەم دوعایە لە سوجدەدا دەکرێت هەروەک پێشەوا النسائي فەرمووێەتى لە سنن دا (باب الدعاء في السجود) .

فەرموودەی بیست و پێنج

دوعای دەست پێ کردنی نوێژ

قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ

{ اللَّهُمَّ بَاعِدْ بَيْنِي وَبَيْنَ خَطَايَايَ كَمَا بَاعَدْتَ بَيْنَ الْمَشْرِقِ وَالْمَغْرِبِ، اللَّهُمَّ نَقِّنِي مِنْ خَطَايَايَ كَمَا يُنَقَّى الثَّوْبُ الْأَبْيَضُ مِنَ الدَّنَسِ، اللَّهُمَّ اغْسِلْنِي مِنْ خَطَايَايَ بِالثَّلْجِ وَالْمَاءِ وَالْبَرَدِ }[٢٦]

و اتای فەرموودەکە: پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرموویەتی { ئەی اللَّه نێوانی من و نێوانی هەڵەکانم دوورخەرەوە هەروەک چۆن نێوانی خۆر هەڵات و خۆر ئاوات دوور خستۆتەوە، ئەی اللَّه پاکم کەرەوە لە هەڵەکانم هەروەک چۆن جلی سپی پاک دەکرێتەوە لە چڵک وپیسی، ئەی اللَّه هەڵەو تاوانەکانم بشۆ بە بەفر و باران و تەزرە}

و اتای وشەکان

بَاعِدْ : دوورخەوە

بَيْنِي وَبَيْنَ خَطَايَايَ : نێوانی من و نێوانی هەڵەکانم

كَمَا بَاعَدْتَ : وەکوو ئەوەی دوورت خستۆتەوە

بَيْنَ الْمَشْرِقِ وَالْمَغْرِبِ : نێوان خۆر هەڵات و خۆر ئاوا

نَقِّنِي : پاکم بکەوە

خَطَايَايَ : هەڵەکانم، تاوانەکانم، خَطَايَا جەمع و کۆیە بۆ وشەی خَطِيئَة

[٢٦] رواه: البخاري و مسلم والنسائي و أبو داود و ابن ماجه والدارمي و أحمد وغيرهم

يُنَقَّى : پاک دەکرێتەوە

الثَّوْبُ الْأَبْيَضُ : جلی سپی

مِنَ الدَّنَسِ : لە پیسی و چڵکنی

اغْسِلْنِي : بمشۆرە

الثَّلْجِ : بەفر

الْمَاء : ئاو

الْبَرَد : تەزرە، تەرزە

دەربارەی ئەم فەرموودەیە

١ــــ ئەم فەرموودەیە صەحیحترین فەرموودەیە لەم بارەیەوە

٢ــــ ئەم دوعایە ئەنجام دەدرێت لە دوای (اللَّه أَكْبَر)ی نوێژ دەست پێ کردن و پێش خوێندنی سورەتی فاتیحە، تەنها لە ڕەکعەتی یەکەم دەخوێنرێت بە دەنگی نزم

٣ــــ ئەم دوعایە سوننەتە لەلای زۆربەی زانایان ئەمەشیان ڕاستتر و تەواوترە، پێشەوا مالیک پێی وایە بیدعەیە، هەندێ لە حەنبەلییەکان پێیان وایە ئەوەی نەیکات نوێژی بەتاڵە ئەمەش دوورە لە ڕاستی

٤ــــ چەند دوعایەکی تریش هاتووە دەربارەی ئەم بابەتە

یەکەم: { وَجَّهْتُ وَجْهِيَ لِلَّذِي فَطَرَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ حَنِيفًا، وَمَا أَنَا مِنَ الْمُشْرِكِينَ، إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ لَا شَرِيكَ لَهُ وَبِذَلِكَ أُمِرْتُ وَ أَنَا مِنَ الْمُسْلِمِينَ ..... } رواه مسلم و غیره وهو صحیح

و اتاکەی { ڕووم کردە ئەو ذاتە پاکەی کە بەدیهێنەری ئاسمانەکان و زەویە و هیچ شەریکێکی نییە، وە من لە هاوبەش دانەران نیم، بێگومان نوێژەکەم و قوربانییەکەم و ژیان و مردنم بۆ اللە ی پەروەردیگاری جیهانیانە و هیچ شەریکێکی نیە و هەر بەوە فەرمانم پێ کراوە و من یەکێکم لە مسوڵمانان }

دووەم: { اللَّهُ أَكْبَرُ كَبِيرًا، وَالْحَمْدُ لِلَّهِ كَثِيرًا، وَسُبْحَانَ اللَّهِ بُكْرَةً وَأَصِيلًا } رواه مسلم و أحمد و الترمذي و غيرهم، صححه العلوان والطريفي و أبو علي الحارث الحسني

و اتاکەی { اللە لە هەموو گەورەیەک گەورەترە ،وە سوپاس و ستایشی زۆر بۆ اللەیە، وە پاکی و بێگەردی بۆ اللە لە بەیانیان و ئێواران }

سێیەم: { سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، تَبَارَكَ اسْمُكَ وَتَعَالَى جَدُّكَ، وَلَا إِلَهَ غَيْرُكَ } رواه أبو داود و الترمذي و ابن ماجه

و اتاکەی { پاکی و سوپاس و ستایش بۆ تۆ ئەی اللە، وە ناوەکانت زۆر پیرۆز و گەورەن، وە بەرز و بڵندە گەورەیت، وە هیچ پەرستراوێکیش نییە، کە شایستەی پەرستن بێت جگە لەتۆ }

بەڵام ئەم فەرموودەیە بە مەرفوعی بۆڵای پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لاوازە بەڵکوو مەوقوفە لەسەر پێشەوا عومەر رضي الله عنه (هەروەک الدارقطني و ابن خزيمة و عبد العزيز الطريفي و أبو علي الحارث الحسني و سليمان بن ناصر العلوان و عبدالله السعد و مصطفى العدوي و زانایانی تر باسیان کردووە).

فەرموودەی بیست و شەش

چی دەوترێت لە ڕکوع و سوژدەکان دا

عَنْ عَائِشَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا قَالَتْ : كَانَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَقُولُ فِي رُكُوعِهِ وَسُجُودِهِ { سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ رَبَّنَا وَبِحَمْدِكَ، اللَّهُمَّ اغْفِرْلِي }[٢٧]

و اتای فەرموودەکە: لە دایە عائیشەوە اللَّه تَعالَى لێی ڕازی بێت فەرموویەتی: پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەیفەرموو لە ڕکوع و سوژدەی دا { پاکی و بێگەردی و سوپاس و ستایش بۆ تۆ ئەی اللَّه تَعالَى ی پەروەردیگارمان، ئەی اللَّه لێم خۆشبە }

و اتای وشەکان

يَقُولُ : دەیفەرموو - پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ -

فِي رُكُوعِهِ : لە ڕکوعی دا، رُكُوع مەصدەرە بۆ رَكَعَ يَرْكَعُ، ئەو هاتە دەگەڕێتەوە بۆ وشەی النَّبِيّ

وَسُجُودِهِ : وە لە سوژدەی دا، سُجُود مەصدەرە بۆ سَجَدَ يَسْجُدُ، ئەو هاتە دەگەڕێتەوە بۆ وشەی النَّبِيّ

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ : پاکی و بێگەردی بۆ تۆ ئەی اللَّه، پاکی بۆتۆ ئەی اللَّه لە هەموو کەم و کوورپەک و لەهەموو شیرک و هاوبەشییەک

رَبَّنَا : پەروەردیگارمان(دروست کەر و ڕزق دەر و بەڕێوبەرمان)

وَبِحَمْدِكَ : وە سوپاس و ستایش بۆ تۆ

اللَّهُمَّ اغْفِرْلِي : ئەی اللَّه لێم خۆشبە، ئەی اللَّه خۆشببە لێم

[٢٧] رواه: البخاري و مسلم و أبو داود و النسائي و ابن ماجه و أحمد وغيرهم

هەر دەربارەی زیکری ڕکوع و سوژدەکان، چەندین زیکری تر هاتووە

١- پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لە ڕکوع و سوژدەکان دا دەیفەرموو {سُبُّوحٌ قُدُّوسٌ رَبُّ الْمَلَائِكَةِ وَالرُّوحِ } رواه أبو داود و مسلم وغيرهما

٢- وە هەروەها دەیفەرموو { سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ لَا إِلَهَ إِلَّا أَنْتَ } رواه مسلم

٣- وە دەیفەرموو لە ڕکوع و سوژدەکان دا { سُبْحَانَ ذِي الْجَبَرُوتِ وَالْمَلَكُوتِ وَالْكِبْرِيَاءِ وَالْعَظَمَةِ } رواه أبو داود و النسائي وغيرهما صححه الطريفي و عبدالله السعد وضعفه العدوي وغيره

٤- دەیفەرموو لە ڕکوع دا { سُبْحَانَ رَبِّيَ العَظِيم }، وە لە دوو سوژدەکەدا دەیفەرموو {سُبْحَانَ رَبِّيَ الأَعْلَى } رواه مسلم

٥- وە لە ڕکوع دا دەیفەرموو { اللَّهُمَّ لَكَ رَكَعْتُ، وَبِكَ آمَنْتُ، وَلَكَ أَسْلَمْتُ، خَشَعَ لَكَ سَمْعِي وَبَصَرِي وَمُخِّي وَعَظْمِي وَعَصَبِي }

وە لە سوژدەکان دا دەیفەرموو { اللَّهُمَّ لَكَ سَجَدْتُ، وَبِكَ آمَنْتُ، وَلَكَ أَسْلَمْتُ، سَجَدَ وَجْهِي لِلَّذِي خَلَقَهُ، وَصَوَّرَهُ، وَشَقَّ سَمْعَهُ وَبَصَرَهُ، تَبَارَكَ اللَّهُ أَحْسَنُ الْخَالِقِينَ } رواه مسلم و أبو داود و غيرهما

٦- سوژدەکان شوێنی دوعاو پاڕانەوەن

قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ { أَقْرَبُ مَا يَكُونُ الْعَبْدُ مِنْ رَبِّهِ وَهُوَ سَاجِدٌ، فَأَكْثِرُوا الدُّعَاءَ } رواه مسلم و أبو داود والنسائي وأحمد

وا تاکەی: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی { نزیکترین کات بەندە لە پەروەردیگارەکەی نزیک بێت لەکاتی سوجدە دایە، بۆیە زۆر دوعای تێدا بکەن}

بۆیە لە سووژدەکان دا دەیفەرموو { اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِي ذَنْبِي كُلَّهُ، دِقَّهُ وَجِلَّهُ ، وَأَوَّلَهُ وَآخِرَهُ، وَعَلَانِيَتَهُ وَسِرَّهُ } رواه: مسلم و أبو داود، ضعفه أبو علي الحارث الحسني

و اتای فەرموودەکە { ئەی اللە لە هەموو گوناهەکانم خۆش بە، بچووکەکەیی و گەورەکەی، وە سەرەتایەکەیی و کۆتاییەکەی، وە ئاشکرایەکەیی و شاراوەکەی } .

نێوان دوو سوژدەکان شوێنی دوعاو پاڕانەوەن

عَنِ الْبَرَاءِ، قَالَ { كَانَ سُجُودُ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَرُكُوعُهُ وَقُعُودُهُ بَيْنَ السَّجْدَتَيْنِ قَرِيبًا مِنَ السَّوَاءِ } متفق عليه

و اتاکەی: لە بەڕائی کوڕی عازیبەوە فەرموویەتی { سوژدە و ڕکوع و دانیشتنی نێوان دوو سوژدەکەی پێغەمبەر ﷺ نزیک بوون لەیەکتری }

عَنْ أَنَسٍ ، قَالَ { كَانَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ إِذَا رَفَعَ رَأْسَهُ مِنَ السَّجْدَةِ أَوِ الرَّكْعَةِ، فَيَمْكُثُ بَيْنَهُمَا حَتَّى نَقُولَ : أَنَسِيَ ؟ } رواه البخاري و مسلم وأحمد واللفظ له

و اتاکەی: لە ئەنەسەوە فەرموویەتی { پێغەمبەر ﷺ ئەگەر سەری بەرز بکردبوایەوە لە سوژدە هەندە لە نێوانی ئەو دوو سوژدەیە دەمایەوە هەتا دەمان وت ئەوە بیری چووە؟- بچێتە سوژدەی دووەم - }

بەنسبەت ئەم دوو دوعایەش کە لە نێوانی دوو سوجدەکان دا هاتووە یەکیان لاوازە و ئەوی تریشیان جیاوازی زانایانی لەسەرە

دوعای یەکەم: عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ، أَنَّ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كَانَ يَقُولُ بَيْنَ السَّجْدَتَيْنِ { اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِي، وَارْحَمْنِي، وَعَافِنِي، وَاهْدِنِي، وَارْزُقْنِي } رواهُ التِّرْمِذي و أبو داود وابن ماجه و أحمد

واتاکەی // لە ئیبن عەبباسەوە، بێگومان پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دەیفەرموو لەنێوان دوو سوژدەکەدا { ئەی اللَّه لێم خۆشبە و ڕەحمم پێبکە و سەلامەتم بکە و ڕێنموونیم بکە و ڕزق و ڕۆزیم پێ بدە }

عبدالله السعد و سليمان بن ناصر العلوان و عبد العزيز الطريفي وأبو علي الحارث الحسني و مصطفى العدوي و چەندانی تر ئەم فەرموودەیان بە ضەعیف و لاواز داناوە

لە سەنەدی ئەم فەرموودەیەدا پیاوێکی تێدایە بەناوی كَامِلٌ أَبُو الْعَلَاءِ هەندێ لە زانایان بەلاوازیان داناوە لە فەرموودەدا

دووعای دووەم: { رَبِّ اغْفِرْلِي، رَبِّ اغْفِرْلِي } رواه أبو داود والنسائي

واتاکەی: پەروەردیگارا لێم خۆشبە، پەروەردیگارا لێم خوشبە

ئەمەشیان قسەی لەسەرە و هەندێ لە زانایان بە صەحیحیان داناوە وەک عبدالعزيز الطريفي و عبدالله السعد وە هەندێک لە زانایان بە لاوازیان داناوە وەک أبو علي الحارث الحسني و مصطفى العدوي، بەڵام ئەم فەرموودەیان صەحیح ترە لەوەی یەکەم

بەهەر حاڵ نێوانی دوو سوژدەکە شوێنی دوعایە گرنگ ئەوەیە دوعایەکی باش و چاک بێت، وە ئەگەر کەسێک ئەم دوعایەی کرد { رَبِّ اغْفِرْلِي، رَبِّ اغْفِرْلِي} مەرج نیە بەس دوو جار بیڵێت، ئاساییە هەر چەندی بیەوێت دووبارەی بکاتەوە.

فەرموودەی بیست و حەوت

زیکری بەرزبوونەوە لە ڕکوع

عَنْ رِفَاعَةَ بْنِ رَافِعٍ الزُّرَقِيِّ ، قَالَ { كُنَّا يَوْمًا نُصَلِّي وَرَاءَ النَّبِيِّ ﷺ ، فَلَمَّا رَفَعَ رَأْسَهُ مِنَ الرَّكْعَةِ قَالَ : سَمِعَ اللَّهُ لِمَنْ حَمِدَهُ " قَالَ رَجُلٌ وَرَاءَهُ : رَبَّنَا وَلَكَ الْحَمْدُ حَمْدًا كَثِيرًا طَيِّبًا مُبَارَكًا فِيهِ. فَلَمَّا انْصَرَفَ قَالَ : مَنِ الْمُتَكَلِّمُ ؟ قَالَ : أَنَا، قَالَ : رَأَيْتُ بِضْعَةً وَثَلَاثِينَ مَلَكًا يَبْتَدِرُونَهَا أَيُّهُمْ يَكْتُبُهَا أَوَّلُ }.[٢٨]

و اتای فەرموودەکە: لە ڕیفاعەی کوڕی ڕافیعی زورەقی یەوە فەرموویەتی {ئێمە ڕۆژێک نوێژمان لە دوای پێغەمبەر ﷺ کرد، جا لەو کاتەی پێغەمبەر ﷺ سەری بەرزکردەوە لە ڕکوع فەرمووی: سَمِعَ اللَّهُ لِمَنْ حَمِدَهُ، پیاوێک لەدواوەی پێغەمبەر ﷺ وتی { رَبَّنَا وَلَكَ الْحَمْدُ حَمْدًا كَثِيرًا طَيِّبًا مُبَارَكًا فِيهِ } کاتێک پێغەمبەر ﷺ سەلامی داوە فەرمووی : کێ ئەو قسەیەی کرد ؟ پیاوەکە وتی من، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: سی و ئوندە مەلائیکەتەم بینی پێشبڕکێیان دەکرد لەوەی کامەیان یەکەم جار پاداشتەکەی بنووسێت }

و اتای وشەکان

نُصَلِّي : نوێژمان دەکرد

وَرَاءَ النَّبِيِّ ﷺ : لە دواوەی پێغەمبەر ﷺ

فَلَمَّا رَفَعَ رَأْسَهُ : جا لەوکاتەی سەری بەرزکردەوە " پێغەمبەر ﷺ "

سَمِعَ اللَّهُ لِمَنْ حَمِدَهُ : اللە وەڵامی ئەو کەسەی دایەوە کە سوپاسی کرد

[٢٨] رواه: البخاري و أبو داود والنسائي و أحمد ومالك وغيرهم

سَمِعَ : واتا بیستی، بەڵام لێرەدا بەواتای أَجابَ دێت، أَجابَ واتا وەڵامی دایەوە

قَالَ رَجُلٌ وَرَاءَهُ : پیاوێک لەدواوەی پێغەمبەر ﷺ وتی

رَبَّنَا : پەروەردیگارمان

وَلَكَ الْحَمْدُ : سوپاس و ستایش بۆتۆ

حَمْدًا : سوپاسێکی

كَثِيرًا : زۆر

طَيِّبًا : پاک و بێگەرد

مُبَارَكًا : بە بەرەکەت، پیرۆز، بەفەر

فِيهِ : ئەو هاتە دەگەڕێتەوە بۆ وشەی حَمْدًا

فَلَمَّا انْصَرَفَ : جا لەوکاتەی سەلامی داوە، ئەو کاتەی تەوابوو

مَنِ الْمُتَكَلِّمُ ؟ : قسەکەر کێ بوو، کێ ئەو قسەیەی کرد " رَبَّنَا وَلَكَ الْحَمْدُ حَمْدًا كَثِيرًا طَيِّبًا مُبَارَكًا فِيهِ "

قَالَ أَنَا : وتی من، پیاوەکە وتی من

رَأَيْتُ بِضْعَةً وَثَلَاثِينَ مَلَكًا : سی و ئەوەندە مەلائیکەتەم بینی

يَبْتَدِرُونَهَا : پێشبڕکێیان دەکرد

أَيُّهُمْ يَكْتُبُهَا أَوَّلُ : کامیان یەکەم جار پاداشتەکەی دەنووسێت

هەر دەربارەی بەرزبوونەوە لە ڕکوع

١ــ کاتێک سەرت بەرز دەکەیتەوە لە ڕکوع دەڵێی سَمِعَ اللَّهُ لِمَنْ حَمِدَهُ

٢ــ کاتێک تەواو و ڕێک وەستای دەڵێی اللَّهُمَّ رَبَّنَا وَلَكَ الْحَمْدُ

٣ــ بە نسبەت اللَّهُمَّ رَبَّنَا وَلَكَ الْحَمْدُ، بە چوار شێوە هاتووە هەر یەکیان بڵێی ڕاست و دروستە و فەرموودەی صەحیحی لەسەرە

یەک ــ رَبَّنَا لَكَ الْحَمْدُ

دوو ــ رَبَّنَا وَلَكَ الْحَمْدُ

سێ ــ اللَّهُمَّ رَبَّنَا لَكَ الْحَمْدُ

چوار ــ اللَّهُمَّ رَبَّنَا وَلَكَ الْحَمْدُ

٤ــ لەدوای رَبَّنَا لَكَ الْحَمْدُ سوننەتە یەک لەم زیکر و دوعایانە بکرێت

یەک: { حَمْدًا كَثِيرًا طَيِّبًا مُبَارَكًا فِيهِ }

و اتاکەی { سوپاس و ستایشێکی زۆری پاکی پیرۆزی بەبەرەکەت }

دوو: { اللَّهُمَّ رَبَّنَا لَكَ الْحَمْدُ مِلْءَ السَّمَاوَاتِ وَمِلْءَ الْأَرْضِ وَمِلْءَ مَا شِئْتَ مِنْ شَيْءٍ بَعْدُ }

و اتاکەی { ئەی پەروەردیگارمان سوپاس و ستایش بۆ تۆ پڕاو پڕی ئاسمانەکان و پڕاوپڕی زەوی و پڕاوپڕی ئەو شتەی خۆت دەتەوێت دوای ئەوانە ــ وەکوو کورسی و عەرشی اللە تعالی ــ }

سێ: { رَبَّنَا لَكَ الْحَمْدُ مِلْءَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَمِلْءَ مَا شِئْتَ مِنْ شَيْءٍ بَعْدُ، أَهْلَ الثَّنَاءِ وَالْمَجْدِ. أَحَقُّ مَا قَالَ الْعَبْدُ - وَكُلُّنَا لَكَ عَبْدٌ - : اللَّهُمَّ لَا مَانِعَ لِمَا

أَعْطَيْتَ، وَلَا مُعْطِيَ لِمَا مَنَعْتَ، وَلَا يَنْفَعُ ذَا الْجَدِّ مِنْكَ الْجَدُّ } رواه مسلم و أبو داود و النسائي و أحمد والدارمي.

واتاکەی { ئەی پەروەردیگارمان سوپاس و ستایش بۆ تۆ پڕاو پڕی ئاسمانەکان و پڕاوپڕی زەوی و پڕاوپڕی ئەو شتەی خۆت دەتەوێت لە دوای ئەوانە، خاوەنی پیاهەڵدان و ڕێزو گەورەیی، شیاوترین قسەیەک بەندە دەیڵێ، وە هەمووشمان بەندەی تۆین، ئەی اللە هیچ ڕێگرییەک نیە بۆ ئەوشتەی تۆ دەیدەیت و هیچ پێدەرێکیش نیە بۆ ئەو شتەی تۆ ڕێگری و قەدەغەی دەکەیت، وە دەوڵەمەندی و پلە و پایە هیچ سوودی نیە دەوڵەمەندی و پلەو پایە لە تۆوەیە و لەلای تۆیە - ئەی اللە - }.

فەرموودەی بیست و هەشت

خۆ پاراستن لە چوار شت لەدوای التحیات

قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ:

إِذَا تَشَهَّدَ أَحَدُكُمْ، فَلْيَسْتَعِذْ بِاللَّهِ مِنْ أَرْبَعٍ يَقُولُ { اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ عَذَابِ جَهَنَّمَ، وَمِنْ عَذَابِ الْقَبْرِ، وَمِنْ فِتْنَةِ الْمَحْيَا وَالْمَمَاتِ، وَمِنْ شَرِّ فِتْنَةِ الْمَسِيحِ الدَّجَّالِ }.[٢٩]

واتای فەرموودەکە: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ئەگەر یەکێک لە ئێوە تەحییاتی خوێند، پاشان با خۆی بپارێزێت بە اللَّه لە چوار شت، بڵێت { ئەی اللَّه بەڕاستی من خۆم دەپارێزم بەتۆ لە سزای دۆزەخ، وە لەسزای گۆڕ، وە لە فیتنەی ژیان و مردن، وە لە شەڕ و خراپەی فیتنە و ئاژاوەی مەسیحی فێڵباز }

واتای وشەکان

إِذَا تَشَهَّدَ : ئەگەر تەحییاتی خوێند، خۆی تَشَهُّد بەواتای أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَ أَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً رَسُولُ اللَّهِ دێت، بەڵام لێرەدا مەبەست پێی تەحییاتە

أَحَدُكُمْ : یەکێک لە ئێوە

فَلْيَسْتَعِذْ بِاللَّهِ : جا با خۆی بپارێزێت بە اللَّه، با پەنابگرێت بە اللَّه، پێغەمبەر صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فەرمانی کردووە

مِنْ أَرْبَعٍ : لە چوار، لە چوار شت

يَقُولُ : بڵێت

[٢٩] رواه: البخاري و مسلم و الترمذي و أبو داود و النسائي و ابن ماجه و الدارمي و أحمد وغيرهم

أَعُوذُ بِكَ : خۆم بە تۆ دەپارێزم، پەنات پێ دەگرم

مِنْ عَذَابِ جَهَنَّمَ : لە سزای دۆزەخ

مِنْ عَذَابِ الْقَبْرِ : لە سزای گۆڕ

مِنْ فِتْنَةِ الْمَحْيَا والْمَمَاتِ : لە فیتنە و ئازاوەی ژیان و مردن

الْمَحْيَا وَالْمَمَاتِ : واتا الحياة و الموت، ژیان و مردن

مِنْ شَرِّ فِتْنَةِ : لە شەڕ و خراپەی فیتنەو ئازاوەی

الْمَسِيحِ الدَّجَّالِ : مەسیحی دەججال، مەسیحی فێڵباز

دەربارەی ئەم فەرموودەیە

زۆربەی زانایان دەڤەرموون سوننەتە ئەم دوعایە بخوێندرێت لە دوای تەحییات، هەندێک لە زانایان پێیان وایە واجبە ئەم دوعایە بکرێت وەکوو ابن حەزم و شەوکانی

عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ { أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كَانَ يُعَلِّمُهُمْ هَذَا الدُّعَاءَ، كَمَا يُعَلِّمُهُمُ السُّورَةَ مِنَ الْقُرْآنِ.. } صحيح مسلم

و اتاکەی: لە عبداللَّەی کوڕی عەبباسەوە { بێگومان پێغەمبەری اللَّه هاوەڵانی فێرە ئەم دوعایە دەکرد، وەک چۆن سورەتێکی قورئانی فێر دەکردن }

قَالَ مُسْلِمُ بْنُ الْحَجَّاجِ { بَلَغَنِي أَنَّ طَاوُسًا قَالَ لِابْنِهِ : أَدَعَوْتَ بِهَا فِي صَلَاتِكَ؟ فَقَالَ: لَا. قَالَ: أَعِدْ صَلَاتَكَ }

و اتاکەی { پێم گەیشتووە کەوا پێشەوا طاوس بە کوڕەکەی خۆی دەوت: ئایا ئەو دوعایەت کردووە لە نوێژەکەت؟ ئەگەر بیوتایە نەخێر، دەیفەرموو بڕۆ

نوێژەکەت دووبارە بکەوە } ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت پێی واجب بووە و نەکردنی نوێژ بەتاڵ دەکاتەوە

الْمَسِيحِ : هەم بە دەججال وتراوە مەسیح هەم بە پێغەمبەر عیسا علیه السلام وتراوە مەسیح، هۆکاری ناونراوی دەججال بە مەسیح ئەوەیە چاوێکی مەسح کراوە، واتا چاوێکی ڕەش کراوەتەوە، وە وتراوە هەموو زەوی مەسح دەکات و بەسەری دا ئەڕوات، بە نسبەت ئەوەش پێغەمبەر عیسا علیه السلام ناونراوە بە مەسیح پەنجا وتە هەیە لەسەر هۆکارەکەی

الدَّجَّالِ : واتا زۆر هەڵخەڵەتێنەر و درۆزن، ئەوەیە کاتێک دێت خەڵکێکی زۆر هەردەخەڵەتێنێ بەدرۆکانی

لەدوای تەحییات هەر دوعایەکی باشت کرد ئاساییە چونکە شوێنی دوعایە، هەروەکوو پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی

{ **قُولُوا: التَّحِيَّاتُ لِلهِ ، وَالصَّلَوَاتُ وَالطَّيِّبَاتُ ، السَّلَامُ عَلَيْكَ أَيُّهَا النَّبِيُّ وَرَحْمَةُ اللهِ وَبَرَكَاتُهُ ، السَّلَامُ عَلَيْنَا وَعَلَى عِبَادِ اللهِ الصَّالِحِينَ ، فَإِنَّكُمْ إِذَا قُلْتُمْ ، أَصَابَ كُلَّ عَبْدٍ فِي السَّمَاءِ أَوْ بَيْنَ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ ، أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ ، ثُمَّ يَتَخَيَّرُ مِنَ الدُّعَاءِ أَعْجَبَهُ إِلَيْهِ فَيَدْعُو** } متفق علیه

و اتاکەی: { بڵێن: ڕێزو گەورەیی و نوێژو پاڕانەوەکان و وشە چاک و پاکەکان بۆ اللّٰه یە، سەلام و ڕەحمەت و بەرەکاتی اللّٰه لەسەر تۆ بێت ئەی پێغەمبەر ﷺ، سەلام لەسەر ئێمە بێت و لەسەر بەندە چاکەکانی اللّٰه بێت، بێگومان ئەگەر وتتان (السَّلَامُ عَلَيْنَا وَعَلَى عِبَادِ اللهِ الصَّالِحِينَ) ئەوە(سەلامەکە)یان بەرکەوتووە هەموو بەندەکانی ئاسمان یان ئەو بەندانەی لەنێوانی ئاسمان و زەویی دا هەن، شایەدی دەدەم کە هیچ پەرستراوێک نیە بەحەق و ڕاستی جگە لە اللّٰه نەبێ، وە شایەدی دەدەم کە موحەممەد بەندەو نێردراوی اللّٰه تَعالَی یە،

پاشان ئەو دوعا و پارانەوەیە هەڵدەبژێرێت و دەیکات کە پێی خۆش و سەرسامە، جا دەپارێتەوە و دوعا دەکات }.

وا چاکە لەدوای تەواوبوونی التَّحِيَّاتُ لِلهِ، صەڵەوات بدەیت لەسەر پێغەمبەرﷺ بەڵام واجب نیەو نەکردنی زەرەر لە نوێژەکە نادات

{ اللَّهُمَّ صَلِّ عَلَى مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِ محَمَّدٍ كَمَا صَلَّيْتَ عَلَى إِبْرَاهِيمَ وَعَلَى آلِ إِبْرَاهِيمَ إِنَّكَ حَمِيدٌ مَجِيدٌ، اللَّهُمَّ بَارِكْ عَلَى محَمَّدٍ وَعَلَى آلِ محَمَّدٍ كَمَا بَارَكْتَ عَلَى إِبْرَاهِيمَ وَعَلَى آلِ إِبْرَاهِيمَ إِنَّكَ حَمِيدٌ مَجِيدٌ } رواه: احمد والبخاري ومسلم

واتاکەی { ئەی اللَّه تَعالَى ڕەحمەت بڕژێنە بەسەر پێغەمبەر و بەسەر خانەوادەی پێغەمبەرﷺ وەکوو چۆن ڕەحمەتت ڕژاندە سەر پێغەمبەر ئیبراهیم و بەسەر خانەوادەی ئیبراهیم علیه السلام بێگومان تۆ زۆر سوپاس کراو و خاوەنی گەورەیی و شکۆی ، ئەی اللَّه تَعالَى بەرەکەت بڕژێنە سەر پێغەمبەر و بەسەر خانەوادەی پێغەمبەرﷺ وەکوو چۆن بەرەکەتت ڕژاندە سەر پێغەمبەر ئیبراهیم و بەسەر خانەوادەی پێغەمبەر ئیبراهیم علیه السلام بێگومان تۆ زۆر ستایش کراو و خاوەنی شکۆی }

ئەم دووعایەش هاتووە لە دوای تەواو کردنی تەحییات دا بەڵام هەندێک لەزانایان دەفەرموون ئەم دوعایە تایبەت نەکراوە بەم شوێنە { اللَّهُمَّ إِنِّي ظَلَمْتُ نَفْسِي ظُلْماً كَثِيراً، وَلا يَغْفِرُ الذُّنُوبَ إِلَّا أَنْتَ، فَاغْفِرْ لِي مَغْفِرَةً مِنْ عِنْدِكَ، وَارْحَمْنِي إِنَّكَ أَنْتَ الغَفُورُ الرَّحِيمُ } رواه: أحمد والبخاري ومسلم

واتای فەرموودەکە { ئەی اللَّه تَعالَى بێگومان من زۆلمم لەنەفسی خۆم کردووە زۆلمێکی زۆر ، وەکەس لە گوناح و تاوانەکان خۆش نابێت جگە لە تۆ ، جا لێم خۆشبە بە لێ خۆش بوونێک لەلایەن خۆتەوە ، وە ڕەحمم پێ بکە بێگومان تۆ لێ خۆشبوو و بەخشندەی }.

فەرموودەی بیست و نۆ

زیکری دوای نوێژە واجبەکان

عَنْ ثَوْبَانَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ قَالَ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ إِذَا انْصَرَفَ مِنْ صَلَاتِهِ اسْتَغْفَرَ ثَلَاثًا وَقَالَ { اللَّهُمَّ أَنْتَ السَّلَامُ وَمِنْكَ السَّلَامُ، تَبَارَكْتَ ذَا الْجَلَالِ وَالْإِكْرَامِ }[٣٠]

و اتاکەی: لە ثەوبانەوە فەرموویەتی: پێغەمبەر ﷺ ئەگەر سەلامی دابوایەوە لە نوێژەکەی داوای لێخۆشبونی دەکرد سێ جار و دەیفەرموو { ئەی اللە تۆ سەلامەتی لە هەموو کەم و کوڕیەک و سەلامەتیش هەر لە تۆوەیە، بەرزو پیرۆزیت ئەی خاوەنی بەرزی و گەورەیی و ڕێز }

و اتای وشەکان

إِذَا : ئەگەر

انْصَرَفَ : تەواو بوایە، سەلامی دابوایەوە

مِنْ صَلَاتِهِ : لە نوێژەکەی

اسْتَغْفَرَ ثَلَاثًا : داوای لێخۆشبونی دەکرد سێ جار، دەیفەرموو أَسْتَغْفِرُ اللَّهَ، أَسْتَغْفِرُ اللَّهَ، أَسْتَغْفِرُ اللَّهَ

وَقَالَ : وە دەیفەرموو

اللَّهُمَّ : ئەی اللە

أَنْتَ السَّلَامُ : تۆ سەلامەتی - لە هەموو کەم و کوڕی و عەیبێک -

---

[٣٠] رواه: مسلم وأبو داود والنسائي والترمذي وابن ماجه و الدارمي وأحمد

مِنْكَ السَّلَامُ : لە تۆوەیە سەلامەتی و ئاشتی

تَبَارَكْتَ : بەرزیت

ذَا الْجَلَالِ وَالْإِكْرَامِ : خاوەن گەورەیی و ڕێز

ذَا : خاوەن

الْجَلَالِ : گەورەو بەرز، الجَلال مەصدەرە بۆ جَلَّ يَجِلُّ.

الْإِكْرَامِ : ڕێز و چاکە، الْإِكْرَامِ: ڕێزلێنان مەصدەرە بۆ أَكْرَمَ ڕێزی لێنا، يُكْرِمُ ڕێزی لێ دەنێت.

دەربارەی ئەم فەرموودەیە

قَالَ الْوَلِيدُ : فَقُلْتُ لِلْأَوْزَاعِيِّ { كَيْفَ الِاسْتِغْفَارُ؟ قَالَ : تَقُولُ : أَسْتَغْفِرُ اللَّهَ، أَسْتَغْفِرُ اللَّهَ} صحيح مسلم

واتاکەی: وەلید فەرمووی : بە پێشەوا ئەوزاعیم وت { چۆنە داوای لێخۆشبون کردن ؟ ئەوزاعی فەرمووی : دەڵێ : أَسْتَغْفِرُ اللَّهَ، أَسْتَغْفِرُ اللَّهَ }

ئەم دوو زیکرە بەیەکەوە دەکرێت، بەم شێوەیە دەڵێ: أَسْتَغْفِرُ اللَّهَ، أَسْتَغْفِرُ اللَّهَ، أَسْتَغْفِرُ اللَّهَ، اللَّهُمَّ أَنْتَ السَّلَامُ وَمِنْكَ السَّلَامُ، تَبَارَكْتَ ذَا الْجَلَالِ وَالْإِكْرَامِ

بە نسبەت پاشاو پێشی زیکرەکان هیچ بەڵگەیەک نەهاتووە، بۆیە دروستە یەکەم جار الله أكبر بکەی یان أَسْتَغْفِرُ اللَّهَ، أَسْتَغْفِرُ اللَّهَ، أَسْتَغْفِرُ اللَّهَ بکەی یان ئەوانەی تر.

فەرموودەی سی

قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ

{ لَا إِلَـهَ إِلَّا اللَّهُ وَحْـدَهُ لَا شَـرِيكَ لَـهُ، لَـهُ الْمُلْـكُ وَلَـهُ الْحَمْـدُ، وَهُـوَ عَلَى كُـلِّ شَـيْءٍ قَـدِيرٌ، اللَّهُـمَّ لَا مَـانِعَ لِمَـا أَعْطَيْـتَ، وَلَا مُعْطِيَ لِمَـا مَنَعْتَ، وَلَا يَنْفَعُ ذَا الْجَدِّ مِنْكَ الْجَدُّ }.[٣١]

و اتای فەرمودەکە: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی { هیچ پەرستراوێکی ڕاستەقینە نیە شایەنی پەرستن بێ جگە لە اللە تەنهایەو هیچ هاوبەشییەکی نیە ، موڵك و خاوەنداری هەر بۆ اللە یە و سوپاس و ستایش هەر بۆ ئەوە و بەسەر هەموو شتێکدا تواناداڕە، ئەی اللە هیچ ڕێگرییەک نیە بۆ ئەوشتەی تۆ دەیدەیت و هیچ پێدەرێکیش نیە بۆ ئەو شتەی تۆ ڕێگری و قەدەغەی دەکەیت، وە دەوڵەمەندی و پلە و پایە هیچ سوودی نیە دەوڵەمەندی و پلەو پایە لە تۆوەیە و لەلای تۆیە - ئەی اللە - }

و اتای وشەکان

اللَّهُمَّ : ئەی اللە

لَا مَانِعَ : هیچ ڕێگرییەک نیە، هیچ قەدەغەکارێک نیە، هیچ مانیعێک نیە

لِمَا : بۆ ئەو شتەی

أَعْطَيْتَ : بەخشیوتە، داوتە، أَعْطَى فیعلی ماضیە و يُعْطِي فیعلی موضاریعە و إعطاء مەصدەرە

---

[٣١] رواه: البخاري ومسلم وأبو داود والنسائي وأحمد وعبد الرزاق وابن أبي شيبة والحميدي والدارمي وابن خزيمة وبن حبان والطبري وأبو عوانة وأبو نعيم والبيهقي والبغوي

وَلَا مُعْطِيَ : هیچ پێدەرێک نیە، هیچ بەخشەرێک نیە

لِمَا : بۆ ئەو شتەی

مَنَعْتَ : مەنعت کردووە،ڕێگریت کردووە، قەدەغەت کردووە

وَلَا يَنْفَعُ : سوودی نیە، نەفعی نیە، کەڵکی نیە

ذَا الْجَدِّ : خاوەن بەش و دەوڵەمەندی

مِنْكَ الْجَدُّ : لەتۆوەیە دەوڵەمەندی، لەلای تۆیە پلە و بەش و دەوڵەمەندی

الْجَدُّ : بەش، دەوڵەمەندی، پلە

تەواوی فەرموودەکە بەم شێوەیە

عَنْ وَرَّادٍ مَوْلَى الْمُغِيرَةِ بْنِ شُعْبَةَ، قَالَ : كَتَبَ الْمُغِيرَةُ إِلَى مُعَاوِيَةَ بْنِ أَبِي سُفْيَانَ، أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كَانَ يَقُولُ فِي دُبُرِ كُلِّ صَلَاةٍ إِذَا سَلَّمَ { لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ، لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ، وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ، اللَّهُمَّ لَا مَانِعَ لِمَا أَعْطَيْتَ، وَلَا مُعْطِيَ لِمَا مَنَعْتَ، وَلَا يَنْفَعُ ذَا الْجَدِّ مِنْكَ الْجَدُّ}

وَلَا يَنْفَعُ ذَا الْجَدِّ : دەوڵەمەندی و پلەو پۆست و خزم و کەس هیچ سوودێکی بۆ قیامەت نیە جگە لە کردەوە باشەکان و گوێڕایەڵی اللە و پێغەمبەرەکەی ﷺ نەبێت.

فەرموودەی سی و یەك

قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ

{ لَا إِلَـهَ إِلَّا اللَّهُ وَحْـدَهُ لَا شَـرِيكَ لَـهُ، لَـهُ الْمُلْـكُ وَلَـهُ الْحَمْـدُ وَهُـوَ عَلَى كُـلِّ شَـيْءٍ قَـدِيرٌ، لَا حَـوْلَ وَلَا قُـوَّةَ إِلَّا بِـاللَّهِ، لَا إِلَـهَ إِلَّا اللَّهُ، وَلَا نَعْبُـدُ إِلَّا إِيَّـاهُ، لَـهُ النِّعْمَـةُ وَلَـهُ الْفَضْـلُ وَلَـهُ الثَّنَـاءُ الْحَسَـنُ، لَا إِلَـهَ إِلَّا اللَّهُ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ وَلَوْ كَرِهَ الْكَافِرُونَ }.[٣٢]

